تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6002) چوارشەممە 9ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

لەیادی 59 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

کاریزمایی بارزانیی نەمر چین و تۆێژەکانی کوردستانی لە دەوری شۆڕشی سەرتاسەریی ئەیلوولدا کۆکردەوە




کاکەمین نەجار:

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا و تورکیا بە نوێنەرایەتی هەموو گەلی کوردستان بوو



کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و پاشانیش بۆ تورکیا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا گرنگی خۆی هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان کە فەرەنسا دۆستێکی نزیکی کوردە و بۆ ڕۆژی دوای سەرۆکی هەرێم سەردانی تورکیای کرد، ئەمانە گرنگی خۆیان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، لە هەموو دنیاش وایە کە ناکرێت سەرۆکی هەرێم چووە ولاتانێك نوێنەری هەموو حزبەکان لەگەڵ خۆی ببات، سەرۆکی هەرێم بە ڕەسمی و بە بەرکەوتەی هەڵبژاردن و بە بڕیاری پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە و نوێنەرایەتی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات، کەسانێك هەن لێرەو لەوێ قسە دەکەن و دەیانەوێت دۆخەکە بشێوێنن.

هێزە عێراقییەکان وێڕای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیان نەیانتوانیوە ڕێگری لە جووڵەی داعش بکەن



جموجۆڵەکانی چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگەی کەرکووک زیادی کردووە، هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن وەك پێویست ڕووبەڕوویان ببنەوە، لە ئێستاشدا ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە هێزەکانی سوپا، پۆلیسی فیدراڵ و حەشدی شەعبی بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە سنووری باشووری کەرکووك دەستیان پێ کردووە، بەردەوامە، بەڵام جموجۆڵی داعش لە زیادبوونە.

سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان:

سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا بەرز دەنرخێنین



مستەفا ئۆزچەلیك سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان سەبارەت بە پرسی پاراستنی هەرێمی کوردستان لە دەستێوەردان و هەڕەشەکان ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی ئازادیی کوردستان ئەو سەردانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا بەرز دەنرخێنین، دەبێ هەموو کوردانی جیهان ئەو حەقیقەتە بزانن کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی جیهان هەرێمێکی دانپێنراوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

پارەی جووتیارانی هەرێم خەرج دەکرێت



ئەندامێکی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، دوای گەیاندنی داواکاریی جووتیاران، کە پارەی سێ ساڵیان وەکو قەرز لای بەغدایە، سەرۆکوەزیران بڕیاری داوە ئەو کێشەیە چارە بکات و پارەی جووتیارانی هەرێم خەرج بکات، بۆیە بەم زووانە پارەکە خەرج دەکرێت.

شاندێکی پارتی بۆ تاوتوێکردنی یاسای هەڵبژاردن لە بەغدایە



شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی یاسای هەڵبژاردنی عێراق سەردانی شاری بەغدای کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق پرسی یاسای هەڵبژاردن و شێوازی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن گفتوگۆ دەکات.

چاودێرانی بیانی بە گرنگییەوە دەڕوانێنە پێگەی هەرێمی کوردستان





شاندێکی پارتی بۆ تاوتوێکردنی یاسای هەڵبژاردن لە بەغدایە



خەبات/

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی یاسای هەڵبژاردنی عێراق سەردانی شاری بەغدای کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق پرسی یاسای هەڵبژاردن و شێوازی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن گفتوگۆ دەکات.

دوێنێ سێشەممە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خسرو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە شاری بەغدا، سەرچاوەیەکی تایبەت بە رۆژنامەی (خەبات)ی راگەیاند: ئامانج لەو سەردانەی شاندی پارتی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی شێوازی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ لایەنەکانی بەغدا تاوتوێ دەکرێن، بەشێوەیەك نابێت زیان لە پێگەی هەرێمی کوردستان بدات.

پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ئاسایی خۆی بەڕێوەبرد

چەند بڕگە و مادەیەک لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان هەموارکرانەوە



پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە ٨/٩/٢٠٢٠، بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە ٣ی ئاسایی خولی پایزە لەساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە چوار خاڵ پێکهاتبوو خاڵی یەکەم بریتی بوو لە بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند مادەو بڕگەیەکی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کورستان-عێراق، خاڵی سێیەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عێراق، خاڵی چوارەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لە سوێندخواردنی پاڵێوراو عومەر عەبدوڵڵا فەتاح لە شوێنی ئەندامی پەرلەمانی دەستەلکارکێشاوە سۆران عومەر سەعید بەپێی حوکمی مادەی ٢٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار کەبریتی بوو لە خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند مادەو بڕگەیەکی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان کە بە بڕیاری ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠ی سەرۆکایەتیی هەرێم گەڕێندراوەتەوە بۆ پەرلەمان، بەهۆی ئەوەی پرسی گفتوگۆکردن و دەنگدان لە کاتی پەسندکردنی ئەو یاسایە بەشێوەیەکی داخراو بەڕێوەچووبوو، سەرۆکی پەرلەمان بەپێی مادەی٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشنیازی ئەوەی خستە دەنگدانەوە کە ئەمەش بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی داخراو بەڕێوەبچێت و پێشنیازەکەش بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا و بەمجۆرە سەرجەم ئەو بڕگە و ماددانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە گەڕێندراونەتەوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی پێداچوونەوەیان، لەلایەن لێژنەی کاروباری یاسایی بەجیا لەگەڵ رای لێژنەکە دەخوێندرانەوە و دەخرانە دەنگدانەوە ك هەندێکیان پەسەندکران و هەندێکیشیان وەك ئەوەی کە لە یاساکەدا هاتبوو کە رای لێژنەی کاروباری یاسایشی لەسەربوو وەك خۆیان پەسندکرانەوە و مانەوە.

جموجۆڵەکانی چەکدارانی داعش زیادی کردووە

هێزە عێراقییەکان وێڕای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی نەیانتوانیوە ڕێگری لە جووڵەی داعش بکەن



سەرکردەیەکی داعش لە کەرکووک دەستگیرکرا

ئا: خەبات/

جموجۆڵەکانی چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگەی کەرکووک زیادی کردووە، هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن وەك پێویست ڕووبەڕوویان ببنەوە، لە ئێستاشدا ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە هێزەکانی سوپا، پۆلیسی فیدراڵ و حەشدی شەعبی بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە سنووری باشووری کەرکووک دەستیان پێ کردووە، بەردەوامە، بەڵام جموجۆڵی داعش لە زیادبوونە.

ئاماژەی بەوەیش دراوە ئەو ئۆپەراسیۆنەی هێزەکانی عێراق کە بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە سنووری باشووری کەرکووک ئەنجام درا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت پێشتر سوپای عێراق ڕایگەیاند، هێزە ئەمنییەکان لەمیانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی باشووری پارێزگای کەرکووك ئەنجامی دەدەن، ٥٠ مووشەك، ٣٠٠ گوللە تۆپ و سێ حەشارگەیان دۆزیوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول ڕایگەیاند کە لە ئاکامی کردەیەکی خۆکوژی لە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووك، دوو پۆلیسی فیدرال برینداربوون. لیوا یەحیا ڕەسول لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەە داوە کە تیرۆریستێکی خۆکوژ دوای گەمارۆدانی لە دۆڵی ئەبو شحە سەربە ناحیەی ڕەشاد باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووك لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، خۆی تەقاندووتەوە. ڕاشیگەیاندووە کە لە ئاکامی کردە خۆکوژییەکەدا، دوو پۆلیسی فیدرال بریندارببوون.

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە، لیوا ڕوکن ئەکرەم سەدام مدنف ڕایگەیاند کە لە میانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لە بەسرە، ٥٢ کەسی داواکراو دەستگیرکراون. لیوا ڕوکن ئەکرەم سەدان مدنف لە ڕایگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە لە میانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا کە هێزە ئەمنییەکان و سوپا لەژێر ناوی بەڵێنی ڕاستگۆ لە بەسرە ئەنجامی دەدەن، ٥٢ کەسی داواکراو دەستگیرکراون کە پێشتر فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکرابوو.

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە، لیوا ڕوکن ئەکرەم سەدام مدنف ڕاشیگەیاندووە کە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستگۆ وەك ئەوەی پلانی بۆ دانڕاوە، بەردەوامە.

پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕاگەیاندبوو کە بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە هێزەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەسرە ئۆپەراسیۆنێکیان بە ئامانجی پشکنین، سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لە ناوچەکانی باکووری بەسرە باشووری عێراق دەست پێ کردووە.

هاوکات گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان عێراق، لیوا یەحیا ڕەسوڵ ڕایگەیاند، ئەنجامی باش لەو ئۆپەراسیۆنانە بەدیهاتوون کە بە ئامانجی دەستگیرکردنی داواکراوان و دەستبەسەردا گرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە پارێزگانی بەغدا، بەسرە و میسان ئەنجام دراون. لیوا یەحیا ڕەسول لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە دا کە هێزەکانی عێراق بەردەوامن لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بە ئامانجی دەستگیرکردنی داواکراوان و دەست بەسەردا گرتنی چەکی بێ مۆڵەت و ڕاوەدوونانی چەکدارانی داعش لە پارێزگاکانی بەسرە و میسان، گوتیشی: هاوڵاتیان و سەرۆکهۆزەکان بەو ئۆپەراسیۆنانە خۆشحاڵن کە بە ئامانجی سەپاندنی ئاسایش، جێبەجێکردنی یاسا، دەستگیرکردنی داواکراوان و دەستبەسەردا گرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە پارێزگاکانی بەغدا، بەسرە و میسان ئەنجام دەدرێن و لەوبارەوە هاوکاری هێزە ئەمنییەکان دەکەن. گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول ڕاشیگەیاند ئەنجامی باش لەو ئۆپەراسیۆنانە بەدی هاتوون کە بە ئامانجی دەستگیرکردنی داواکراوان و دەست بەسەردا گرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە پارێزگانی بەغدا، بەسرە و میسان ئەنجام دراون، بەو پێیەی ژمارەیەك داواکراو دەستگیرکراون و دەستیش بەسەر ژمارەیەك چەکی بێ مۆڵەتدا گیراوە.

هاوکات لیوا یەحیا ڕەسوڵ دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی لە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووك لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆر ڕاگەیاند کە توانیویانە دوو داواکراو بە ماددەی چواری تیرۆر دەستگیر بکەن. گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، ڕاشیگەیاندووە یەکێك لە تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان، سەرکردەیەکی دیار بووە لەنێو ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

بەغدا..

بۆمبێکی چێندراو بە کاروانێکی هێزەکانی هاوپەیمانداندا تەقییەوە

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆمبێکی چێنراو کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعشی لە باکووری بەغدا کردووەتە ئامانج.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆمبێکی چێنراو کاروانێکی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعشی لە باکووری بەغدا کردووەتە ئامانج.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، بۆمبێکی چێندراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیایەکدا تەقیوەتەوە کە گرێبەستی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە بەمەبەستی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی.

ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە تەقینەوەکە لەسەرەتای ڕێگەی جێرای شوعلە باکووری بەغدا لەو کاتەدا ڕوویداوە کە ئۆتۆمبێلەکان کەلوپەلی لۆجستیان لە سەربازگەی تاجی دەگواستەوە، ئەوەش هاتووە کە تەقینەوەکە زیانی بە جامی یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانی کاروانەکە گەیاندووە.

لەوەتەی مانگی تەمووزی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا چەندینجار کاروانی گواستنەوەی کەلوپەلی لۆجستی و سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە ڕابەرایەتیی ئەمەریکا لە چەند پارێزگایەکی عێراق لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کراونەتە ئامانج. ئەمەریکا، گرووپە چەکدارییەکانی نزیك لە ئێران لەنێواندا حزبوڵڵا بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار دەکات.

ئەمەریکا، نزیکەی پێنج هەزاری وڵاتەکەی و نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازیی دیکەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە عێراق جێگیر کردووە.



کاکەمین نەجارِ: سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا گرنگ بوو

پێویستە لەسەر ئاستی باڵادا شاندێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا پێکبهێندرێت



خەبات: تریفە ئازاد

کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و پاشانیش بۆ تورکیا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا گرنگی خۆی هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان کە فەرەنسا دۆستێکی نزیکی کوردە و بۆ ڕۆژی دوای سەرۆکی هەرێم سەردانی تورکیای کرد، ئەمانە گرنگی خۆیان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، لە هەموو دنیاش وایە کە ناکرێت سەرۆکی هەرێم چووە وڵاتێک نوێنەری هەموو حزبەکان لەگەڵ خۆی ببات، سەرۆکی هەرێم بە ڕەسمی و بە بەرکەوتەی هەڵبژاردن و بە بڕیاری پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە و نوێنەرایەتی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات، کەسانێك هەن لێرەو لەوێ قسە دەکەن و دەیانەوێت دۆخەکە بشێوێنن. گوتیشی وڵاتانی دراوسێش بۆ ئێمە گرنگن بە تایبەت تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، لەبەر ئەوەی ئاڵۆگۆڕی بازرگانیمان هەیە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کە سەردانی تورکیای کردووە، باسی لەوە شتانە کردووە کە زیانیان بۆ کوردستان هەیە، لەوانە شەڕی تورکیا و پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان .

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە و سەر بە عێراقیە و هەرێمێکی دەستوورییە، دەستوورێك هەیە لەنێوان ئێمە و بەغدا کە زیاتر لە پەنجا ماددەی پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، جێبەجێ نەکراوە، لەگەڵ عێراق چەندین کێشەمان هەیە و چارەسەر نەکراون، کە کێشەکانی بوودجە و ماددەی ١٤٠، کێشەی پێشمەرگە و هەندێك پۆستی کورد بەوەکالەت پڕ کراونەتەوە دراوە بە کەسانی تر، ئەمانە هەموویان کێشەن لە نێوان هەرێم و بەغدا، ئەو وەفدەی حکوومەت کە پێکهێنراوە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەمانە بکرێت، لەدوای ئەمەش گرنگتر پێویستە لەدوای هەموو ئەمانە وەفدێکی سیاسی لە هەموو حزبەکان پێك بێت لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ بەغدا باس لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان و ماددەی ١٤٠ و دۆخی شنگال و تەعریب و دۆخی نالەباری کەرکووك بکرێت، دەبێت بەجدی ئەمانە باسیان لێوە بکرێت و ناکرێت ئێمە لە زمنی عێراق بین و تەعریب بەردەوام بێت و خەڵکی شنگال لەژێر خێمەکان بن و حەشدی شەعبی و پەکەکەی تێدا بێت، بەڵام پێشمەرگە بۆی نەبێت بچێتەوە ئەوی، بۆچی پەکەکە ئازادە بچێتە ئەوەێ، بەڵام بۆ نابێت پێشمەرگە بچێتەوە شنگال کە خەڵکی شنگالە؟ ناکرێت خەڵکی مەخموور و کەرکووك ئاوارە بن و خەڵکی مەخموور کە پێشمەرگەی ئێمەیە، نابێت بچێتەوە مەخموور، بەڵام دەبێت کەسی تری تێدا بێت، ئەمانە کاری جدی دەوێت.

لەبارەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی ڕایگەیاند: پەیوەندییەکان باشن، ئێمە و یەکێتی پێویستمان بە دانیشتن هەیە لە دوو بڕگەی سەرەکی یەك دەگرینەوە، کار دەکەین پێکەوە، ئەویش لە پەرلەمان و لە حکوومەت، بەڵام پێویستە دانیشتن بکەین و بە یەکەوە بڕیار بدەین لەسەر یاسای چاکسازی کە بڕیار درایە چۆنی جێبەجێ بکەین، دۆخی پێشمەرگە چۆن ڕێکبخەین، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا چۆن ڕێکبخەین، لە هەمان کاتدا بتوانین لەگەڵ ئەحزابەکانی تری کە لە کوردستانن چۆن مامەڵە بکەین، ئەمانە هەموو پێوستیان بە دانیشتن و گفتوگۆ هەیە.

سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا بەرز دەنرخێنین

پێویستە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە دیالۆگ و دانیشتن چارەسەر بکرێت



مستەفا ئۆزچەلیك سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان سەبارەت بە پرسی پاراستنی هەرێمی کوردستان لە دەستێوەردان و هەڕەشەکان ڕایگەیاند: ئێمە وەکو پارتی ئازادیی کوردستان ئەو سەردانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا بەرز دەنرخێنین، دەبێ هەموو کوردانی جیهان ئەو حەقیقەتە بزانن کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی جیهان هەرێمێکی دانپێنراوە وەك هەرێمێکی فیدراڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

مستەفا ئۆزچەلیك سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو پارتی ئازادیی کوردستان دەمانەوێت پرسی کورد لە تورکیا بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت و گومانیش لەوەدانییە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێت بۆ لێکنزیکردنەوە چارەسەری کێشەکان . ئاماژەشیدا کە باشووری کوردستان، دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی هەموو کوردە .

بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان ڕێگەخۆشدەکات کە تورکیا دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەبەدات بەوەی تۆپبارانی ناوچە سنووریەکان بکات و ڕەوشی ئارامی ناوچە سنووریەکان دووچاری نائارامی و ناسەقامگیری بکات، بۆیە پێویستە پەکەکە و هەروەها تورکیاش ڕێز لە دەسەڵاتی ناوچەکە بگرێت. گوتیشی وڵاتی تورکیا ڕاستە ڕێگە بە کورد نادات چالاکی سیاسییان هەبێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠١٦ دەرفەت هاتە ئاراوە، ئێمەش وەك پارتی ئازادی هاتینە مەیدان و تواندرا تاراددەیەکی بەرچاو خەباتی سیاسی و دیموکراسی ئەنجام بدەین، بەڵام دواتر تورکیا دەستی بە شەڕ کردەوە و پاشان پەکەکەش دەستی بە شەڕ کردەوە .شەڕ هیچ مانایەکی نییە، بە تایبەتی لە شارەکان کە زیان بە ٢ سەرباز و یان ٢ پۆلیس ناگەیەنێت، بەڵکوو خەڵکی سڤیل زیاتر زیانی پێدەگات، تورکیا پێگەی ئەوە نییە شەڕی چەکداری تیا بکرێت، باکووری کوردستان پێویستی بە چارەسەرێکی دیکە هەیە، ئەویش لە ڕێگەی دیالۆگ گفتوگۆ و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ.

سێرگی لاڤرۆڤ:

ڕووسیا ئامادەیە نێوەندگیریی تورکیا و یۆنان بکات



سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دوێنێ سێشەممە ڕایگەیاند، مۆسکۆ ئامادەیە ناوبژیوانی هەر وتوێژێك بکات لەگەڵ تورکیا لەسەر گەڕان و دەرهێنانی نەوت و غاز لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا.

ئاڵۆزی دەیان ساڵەی نێوان تورکیا و قوبرس کە یۆنان پشتیوانی دەکات، ئەم ساڵ گەیشتە لووتکە بەهۆی ناکۆکییەکانیان لەسەر مافە بازرگانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ئەو ناوچەیەی کە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە غازی سرووشتی ناسراوە.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، سێرگی لاڤرۆڤ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ نیکۆس ئاناستازیدس سەرۆکی قوبرس لە نیکۆسیا، ڕایگەیاند: سەبارەت بە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ تورکیادا، ئێمە ئامادەین وتوێژەکان بەرەوپێشبەرین بە شێوەیەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بێت و بڕیارەکانداد‌ەپەروەرانە و لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت. پاشان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: هەر هەنگاوێك کە بێتە مایەی زیاتر ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، لەلایەن ڕووسیاوە مایەی قبووڵکردن نییە.

تورکیا و یۆنان لە ململانێدان لەسەر سەرچاوە سرووشتییەکانی دەریای ناوەڕاست، ئانکەرە مافەکانی قوبرس بۆ گەڕان بەدوای غازی سرووشتنی لە ناوچەکانی دەریای دەوروبەری دورگەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

چاودێرانی بیانی بە گرنگییەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان



موجاهید سومەدیعی: پێگەی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و بە چوار وڵاتی گەورەی ئیقلیمییەوە گرێدراوە

نووسەر و لێکۆڵەرێکی میسری: هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاڵێکی ڕووناکە لەنێو تاریکیی تائیفی و میلیشیای چەکداریدا

چاودێرانی بیانی بە گرنگییەوە دەڕوانێتە پێگەی جیۆساسیی کوردستان و دەڵێن: هەرێمی کوردستان بووەتە واجیهەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ سەقامگیربوون و بۆیەش هەوڵێر بووەتە ناوەندێکی سیاسی و دیپلۆماسی و لە لیستی سەردانی سەرکردە جیهانییەکاندایە.

موجاهید سومەدیعی، پسپۆڕی هەواڵگری لە سەنتەری ئەوروپی بۆ لێکۆڵینەوە هەواڵگرییەکان و دژەتیرۆر دەڵێت: پێگەی جیۆگرافیی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و بە چوار وڵاتانی گەورەی ئیقلیمییەوە گرێ دراوە و لەلایەن هەرچوار وڵاتەوە زۆڵم لە کورد کراوە.

موجاهید سومەدیعی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: کوردستان گرنگییەکی گەورەی جیۆگرافیی هەیە، بەتایبەت هەرێمی کوردستان کە بووەتە زەمانەی سەلامەتی بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین. سومەدیعی دەشڵێت: سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بووەتە واجیهەیەک بۆ سەرکردە جیهانییەکان و کلیلی سەقامگیریی عێراقە لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە، هەر لەبەر ئەوەش، هەوڵێر بووەتە شوێنی سەردانی سەرکردە سیاسییەکانی جیهان.

گوتیشی: لەبەر ئەو ئاسایشەی لە کوردستان هەیە هەمیشە هەوڵێر لە لیستی سەردانی سەرکردەکانی جیهاندایە و ئەگەر سەرکردەیەکی سیاسی سەردانی بەغداش بکات دەبێت بانگهێشتی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکات، بۆیە دیتمان بە هاتنی ماکرۆن بۆ بەغدا بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانییان کرد.

بۆچوونی من وایە، زۆر زۆر گرنگە کوردستان بکەنە چەقی چارەسەری کێشەکانی عێراق و بەتایبەتیش پێکهاتەی کورد فورسەتێکی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بکات و دەشزانین دانانی سەرۆکوەزیرانی عێراق بەبێ کورد هیچ جارێک سەر ناگرێت، سومەدیعی وایگوتووە. ئاماژەیشی داوە بۆیەش کوردستان پێگەیەکی گەورەی هەیە بۆ پشتیوانیی سەقامگیری لە عێراقدا، پێویستە هەرێمی کوردستان ئالیەتێکی گەورە و زەمینەیەک بۆ کێشەکان دابنێت، بەتایبەت ئەو کێشە قوڵانەی لە عێراق هەن و دەبێ چارەسەر بکرێن. مەحسن عەوزوڵلا، نووسەر و لێکۆڵەری میسری لە کاروباری کورددا دەڵێت: گرنگیی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا وەک خاڵێکی ڕووناکە لەنێو تاریکیی تائیفی و مەزهەبگەری و میلیشیای چەکدار و ئەوانەدا کە لە عێراق هەن. کوردستان هیوای جیهانە بۆ ناوچەکە و وڵاتانی جیهان دەیانەوێت لە ڕێگەی کوردستانەوە نفووزی وڵاتان لە عێراقدا کەم بکەنەوە.

عەوزوڵلا گوتیشی: گرنگیی هەرێمی کوردستان لە جیهاندا بەرەو زیادبوونە و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش توانیویەتی لە ڕێگای سەرۆکایەتیی هەرێمەوە و لە ڕێگای سیاسەتە چاکسازی و دادپەروەری و حەکیمانە و ستراتیژییەکەیەوە قبووڵێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێت. گوتیشی: نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی کوردستان بکاتە ژمارەیەکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی.

ئەحمەد سەفار:

حکوومەتی عێراق ١١٠ ملیار دۆلار قەرزدارە و ناتوانێت فەرمانبەر دامەزرێنێت



بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار ڕایگەیاند، عێراق ١١٠ ملیار دۆلار قەرزدارە.

بەگوێرەی کوردستان٢٤ ئەحمەد سەفار گوتیشی: لەم هەلومەرجەدا حکوومەتی بەغدا ناتوانێت دەرگای دامەزراندن بکاتەوە و زۆرینەی ڕەهای فەرمانبەرانی دەوڵەت بێ بەرهەمن و ناکرێت باری سەرشانی عێراق لە قەرز، بەهۆی دامەزراندنەوە گرانتر بکرێت.

لە بەشێکی دیکەی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، ئەحمەد سەفار، ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر ئەوەی حکوومەت قەرز بکات، لەسەر بنەمای ئەو گەڵاڵەی چاکسازییە بووە، کە حکوومەت پێشکەشیکردووە و هێشتا سیماکانی دیار نین. ڕوونیشیکردەوە، ئەوانەی دامەزراون، وەبەرهێنەر نین و خەرجییەکی زۆریان خستووەتە ئەستۆی دەوڵەت و ناکرێت هێندەی دیکە بە کردنەوەی دەرگای دامەزراندن ئەو بارەی سەر شانی حکوومەت قورستر بکرێت.

ئاماژەی بەوەشدا، عێراق ٢٥ ملیار دۆلاری دەرەکی قەرزدارە و ٨٥ ترلیۆن دیناری قەرزی ناوخۆییشی لە ئەستۆیە و ماقوولیش نییە ئەو قەرزانە بە هۆی دامەزراندنەوە هەڵکشێن.

بەرپرسی یەکەمی داعش لە دیاربەکر دەستگیر کرا

بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە پارێزگای دیاربەکر دەستگیر کرا. بەپێی زانیارییەکان، تیمەکانی ئاسایش، نیهاد تووران، بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە پارێزگای دیاربەکر، دەستگیرکردووە. ئەو تیرۆریستەی داعش لە شوێنکارێك لە ناوچەی کایاپناری شاری دیاربەکر دەستگیرکراوە و ڕاییکردنی کارەکانی لە ئاسایش بەردەوامە. نیهاد تووران بەتۆمەتی ئەنجامبوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی چەکداردا سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی شەش ساڵ و سێ مانگ بۆ بڕدراوەتەوە.

ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق دەستپێدەکاتەوە



حکوومەتی عێراق بڕیاریدا لە ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازە سنوورییەکان دەست پێبکاتەوە دوای ئەوەی لە مانگی ئاداری ڕابردووەوە بەهۆی ڕێککارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا داخران.

ئەندامی لیژنەی تەندروستی و سەلامەتی نیشتمانی، عومەر وائیلی ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی بڕیاریدا بە دەوامکردنی فەرمانبەران لە وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەت بە ڕێژەی لەسەدا ٥٠.

وەك هەنگاوێك بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەت ڕێگەی دابوو بە دەوامی فەرمانبەران لە وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەت بە ڕێژەی لەسەدا ٢٥. عومەر وائیلی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لیژنەکە بڕیاریداوە بە دەستپێکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بارزگانی لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکان لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەدا.

لە ٨ی ئاداری ڕابردوو، دەستەی دەروازە سنوورییەکان بڕیاریدا بە داخستنی پێنج دەروازەی سنووری وشکانی لەگەڵ ئێران کە هەریەك لە دەروازەکانی شەلامچە لە پارێزگای بەسرە، شەیب لە پارێزگای میسان، زرباتییە لە پارێزگای واست، مونزرییە و مەندەلی لە پارێزگای دیالە بە ڕووی ئاڵوگۆڕی بارزگای لەگەڵ ئێران.

ئەندامی لیژنەی تەندروستی و سەلامەتی نیشتمانی، عومەر وائیلی ڕاشیگەیاندووە، بڕیاردراوە بەکردنەوەی چێشتخانە و ڕێستورانتەکان بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی تەندروستی. عومەر وائیلی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو بڕیارانەی ئەمڕۆ دەرکراون لە ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولەوە دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بڕیارێکی حکوومەتی عێراق بازاڕی زێڕی لە کوردستان وەستاندووە

سەندیکا زێڕنگەرانی کوردستان: پێمان سەیرە بەبێ ڕوونکردنەوە بڕیارەکە دەرچووە

خەبات: عەلی بانیشاری

٢٥ی مانگی ڕابردوو دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراق بە نوسراوی ژمارە ٤٤٣٠ بڕیاریدا هەناردە و هاوردەی زێڕ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی (هەولێر، سلێمانی، بەسرە)وە ڕابگیرێت و بڕیارەکەش لە ٣١ی ٨ چووە واری جێبەجێکردنەوە. بەپێی ناوەڕۆکی بڕیارەکە هەر جموجوڵێکی بازرگانی زێڕ لە ڕێگەی ئەو سێ فڕۆکەخانەوە قەدەغەیە. سەندیکای زێڕنگەرانی کوردستان دەڵێت: بڕیارەکە زۆر لەناکاو بووە و دیاریشە نییە تاکەی درێژەی دەبێت.

وتەبێژی سەندیکای زێڕنگەرانی کوردستان دەڵێت: بڕیارەکە کاریگەری خراپی لەسەر بازاڕی زێر لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە. دەشڵێت: بەهۆی ئەو بڕیارەوە بازاڕی زێڕنگەری لە کوردستان وەستاوە. بەوتەی هەندرێن وەرتی بەهۆی بڕیارەکەی حکوومەتی عێراق نرخی هەر مسقاڵێك زێڕی ٢٠ هەزار دینار دابەزیووە و بازرگانان و خاوەن کۆمپانیاکان جوملەچییەکانی زێڕ کار و پیشەیان نەماوە.

ناوبراو گوتیشی: دەبێت هەناردە و هاوردەی زێڕ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەردەوامی هەبێت و بڕیارەکە شایەنی بە پێداچوونەوەیە. وتەبێژی سەندیکای زێڕنگەرانی کوردستان لەو باوەڕدایە بەغدا و هەولێر میکانیزمێکی نوێ بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکە دەدۆزنەوە. هەندرێن وەرتی باسی لە هەوڵەکانی سەندیکاکەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە کردوو گوتی: نوسراوێکی فەرمیمان ئامادەکردووە و ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی دەکەین تا لەگەڵ حکوومەتی عێراق بگەنە چارەسەرێك و فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بەڕووی هەنارەدە و هاوردەی زێڕدا بکرێنەوە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ٨٠ تەن زێڕ هەیە، بەشێوەیەك ٣٠ تەنی لە دەست هاوڵاتیانداییە و ٥٠ تەنیش لە دەستی بازرگانەکان. لە ٢٠١٩دا مانگانە ٢ تەن زێڕ هاوردەی کوردستان کراوە، بەڵام لە ٢٠٢٠ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نزیك بووەتەوە لە سفر. زێڕی کوردستان بەپلەی یەکەم لە ئیمارات و بەپلەی دووەم لە تورکیاوە هاوردە دەکرێت.

هەندرێن وەرتی ئامارەی بەوەشدا تائێستا یەکجاری دیکە هاوردە و هەناردەی زێڕ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە وەستاوە، ئەوەیش پاش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو. سەبارەت هاوردە و هەناردەی زێڕ لە ڕێگەی وشکانییەوە وەکو شوێنگرەوەی ڕێگای ئاسمانی، وتەبێژی سەندیکا زێڕنگەرانی کوردستان گوتی: تائێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە کە زێڕ لە ڕێگەی دەروازە نێودەوڵەتییەکانەوە هەناردە و هاوردە بکرێت، بەڵام ئەگەر بزانین بڕیارەکەی حکوومەتی عێراق درێژەی دەبێت ئەوا دەبێت حکوومەتی کوردستان بە هەمئاهەنگی لەگەڵ سەندیکای زێڕنگەرانی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی و بەپێی ڕێنماییەکان میکانیزمێك بدۆزنەوە تا لەڕێگەی دەروازە سنووریەکانی ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەرانەوە هەناردە و هاوردەی زێر بەردەوامی هەبێت.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بازاڕی زێر لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە سستبوون دەکات. هەندرێن وەرتی ئەوەشی گوت: لەئێستادا فرۆشتنەوەی زێر لە کوردستان زیاترە لە کڕین. دەشڵێت: هەرکات باری داراپی خەڵك خراپ بێت ئەوا پەنا بۆ فرۆشتنەوەی ئەو زێرە دەبەن کە هەیانە، بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ باشبوونی باری دارایی و دابەشکردنی مووچە لە کاتی خۆیدا و هاتنی بوودجە لە بەغداوە هاوڵاتیان ڕوو لە کڕینی زێر دەکەن.

سەندیکای زێڕنگەرانی کوردستان پێشبینی دەکات لە چەند مانگی داهاتوودا نرخی زێر لە جیهاندا وەستانێك بەخۆیەوە ببینێت و لەو نرخەی کە ئێستا هەیەتی زیاتر بەرز نەبێتەوە. وتەبێژی سەندیکاکە لەبارەی داهاتووی بازاڕی زێر لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: ئەگەر هەرێم و بەغدا لەسەر بودجە و مووچە بگەنە ڕێکەوتن گومانی تێدایە نییە بازاڕی زێر دەبوژێتەوە.

ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە زیاتر لە 33 هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ سێشەممە ئاماری ٢٤ کاتژمێری راگەیاند، کە ٦٨٧ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و ١٥ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە ٣٣ هەزار و ٦٨٥ و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و ٢٤٦ کەس.

بەپێی راگەیەنراوەکە کە دوێنێ سێشەممە بڵاوکرایەوە لە ٢٤ کاتژمێری رابردووی پێش راگەیەندراوەکە، شەش هەزار و ١٢ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە، ٧١٣ هەزار و ٦٥٢ لە هەولێر، ١٦٩ هەزار و ٣٩٧ لە سلێمانی، ٥٥ لە هەڵەبجە و، سێ هەزار و ٢٦ کەسیش لە دهۆک بوونە، دەرەنجام ٦٨٧ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە و ١٥ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە.

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا ٣٥٤ هەزار و ٧٩٧ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە، ١٣٧ هەزار ٣٢٨ لە هەولێر، ٩٤ هەزار و ٨٣١ لە سلێمانی، ١١٩ هەزار و ٢٦٧ لە دهۆک و، سێ هەزار و ٣٧١ لە هەڵەبجە بووە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ٣٣ هەزار و ٦٨٥ کەس و هەزار و ٢٤٦ حاڵەتی گیانلەدەستدانیش هەیە کە٤٦٥ لە هەولێر، ٦٨٢ لە سلێمانی، ٨٠ لە دهۆک و ١٩ کەسیش لە هەڵەبجە گیانییان لەدەستداوە .

گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان:

پەکەکە دوو کارمەندی ئەمنی لە شنگال کوشت


گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، مزاحم ئەحمەد حوێت رایگەیاند، چەکدارانی پەکەکە دوو کارمەندی ئەمنی هێزە عێراقییەکانی لە پارێزگای نەینەوا باکووری عێراق کوشت.

مزاحم ئەحمەد حوێت لە راگەیەنراوێکدا ئاشکرای کردووە، ژمارەیەک چەکداری سەر بە پەکەکە رۆژی یەکشەممەی رابردوو، دوو کارمەندی ئەمنی عێراقییان کوشت کە یەکێکیان پۆلیس و ئەوەی دیکەیان چەکداری حەشدی هۆزەکان بوو.

مزاحم ئەحمەد حوێت ئاماژەی بەوەشکرد کە رووداوەکە لە قەزای شنگال رۆژئاوای پارێزگای نەینەوا رووبداوە و هێزە ئەمنییەکان ئەنجامدەرانی تاوانەکەیان دەستگیرکردووە کە ژمارەیان چوار کەس بووە. گوتەبێژی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان داوای لە سەرجەم هێزە سیاسییەکان کرد هەڵوێستێکی توند دژ بە پەکەکە بگرنەبەر و چەکدارانی رێکخراوەکە لە شنگال دەربکەن.

دوای داگیرکردنی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا و بەتایبەت قەزای شنگال لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە هاوینی ٢٠١٤دا، چەکدارانی پەکەکە لەژێر ناوی یەکینەکانی پاراستنی شنگال ئەو ناوچانەیان داگیرکردووە. وێڕای داواکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی خۆجێیی بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانە، بەڵام تاوەکو ئێستا چەکدارانی پەکەکە ئەو ناوچانەیان چۆڵ نەکردووە.

پرسەو سەرەخۆشی



هەڤاڵی بەڕێز کاروان محەمەد سینۆ

خەمباربووین بە بیستی هەواڵی کۆچی دوای کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو (محەمەد سینۆ شەریف توفی)ی باوکی بەڕێزتان.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

***

بۆ هاوکارمان کاروان محەمەد سینۆ

بەرەبەیانی دوێنێ باوکی هاوکارمان کاروان محەمەد سینۆ بەرپرسی لاپەڕەی کاروباری کوردستانی، لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە بەناوی سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەکەمان پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزیان و تەواوی خانەوادەکەیان دەکەین.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات



ئەمەریکا لە ریزبەندی یەکەمدایە

ژمارەی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئەمەریکا بۆ نزیکەی 200 هەزار بەرزبووەوە

دوێنێ سێشەممە ئاماریکی تری تووشبوون و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئەمەریکا بڵاوکرایەوە، بەگوێرەی ئاماژەکە کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە لەو وڵاتە بۆ ١٩٣ هەزار و ٥٨٧ کەس بەرزبووەتەوە.

ئەمەریکا کە ناوەندی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیە لە جیهاندا، بەردەوام لە ریزبەندیی یەکەمدایە و بەرزترین ئاماری گیانلەدەستدان بەو پەتایە لەسەر ئاستی جیهاندا تیایدا تۆمارکراوە، بەپێی زانیارییەکانی مالپەڕی Worldometer کە پشت بە ئامارە نوێکراوەکانی پەتاکە دەبەستێت لە جیهاندا، ژمارەی توشبووان بە پەتاکە لە ئەمەریکا گەیشتووەتە شەش ملیۆن و ٤٨٦ هەزار و ٤٣٨ کەس. هاوکات ٣٢٨ تووشبووی دیکەی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بەرزبووەتەوە بۆ ١٩٣ هەزار و ٥٨٧ کەس. هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەمەریکا دوای توشبوونیان بە پەتاکە چاکبوونەتەوە سێ ملیۆن و ٧٥٨ هەزار کەسی تێپەڕاندووە، و زیاتر لە ٨٨ ملیۆن و ٦٧ پشکنین ئەنجامدراوە. - لە دوای ئەمەریکا بەڕازیل و هیندستان دێت

ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان پلەی یەکەمی گرتووە لە تۆمارکردنی بەرزترین ژمارەی توشبووانی پەتاکە، پاش ئەویش بەڕازیل دێت کە چوار ملیۆن و ٢٨٤ هەزار و ١٠٣ توشبووی هەیە، پاشان هیندستان دێت کە چوار ملیۆن و ١٤٧ هەزار و ٧٩٤ حاڵەتی توشبوونی بە پەتاکە تۆمارکردووە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ریزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی توشبوون کە ٧٤١ هەزار و ٤٨٦ حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە ٦٦٨ هەزار و ٧٨٧ حاڵەت تێکساس و بە ٦٤٨ هەزار و ٢٦٩ حاڵەت فلۆریدا دێن. لە ڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرک بە ٣٣ هەزار و ٩١ حاڵەت لە ریزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە.

کۆرۆنا بەتوندی لەناو خێزان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریا بڵاوبووەتەوە

بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دوێنێ سێشەممە بە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی ڕاگەیاندووە، زیاتر لە ٤٠ ئەندامی ستافی نەتەوە یەکگرتووەکان و خێزانەکانیان لە سووریا توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و هۆشداری دا پەتاکە لەو وڵاتە بڵاوبووەتەوە.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، جێنس لێرک گوتەبێژی ئۆفیسی رێکخستنی کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە: نزیکەی ٢٠٠ کەس لە ناویاندا ستافەکان، هاوژینەکانیان، منداڵەکانیان و دایک و باوکیان نیشانەکانی کۆڤد١٩یان لی دەرکەوتووە. گوتیشیەتی لەو ٢٠٠ کەسەدا ٤٢ ستاف و ئەندامی خێزانەکان ئەنجامی پشکنینەکانیان پۆستیڤ بوون، بەڵام ئاماژەی بەوە نەکرد ئەو ستافانە خەڵکی چ وڵاتێکن.

گوتیشی ٣ کەس لەلایەن تیمەکانی تەندروستییەوە گوازراونتەوە، بەڵام زۆربەی ئەوانی تر باری تەندروستیان باشە و ڤایرۆسەکەیان بە سووکی گرتووە، ئەو کەسانەش گومان دەکرێت تووشی ڤایرۆسەکە بووبن خۆیان بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ کەرەنتینە کردووە، هاوکات گوتیشی ڤایرۆسەکە خەڵکی لە ئاژانسە جیاجیاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرانسەری وڵاتەکە نەخۆش خستووە. لێرك دەشڵێت بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لەنێو ستافی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەکاتێکدایە پەتای کۆڤد١٩ لە سووریا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، ئێمە لەو بروایەداین بەشێوەیەکی زۆر لەنێو کۆمەڵگەکاندا بڵاوبۆتەوە و زۆر لەوە زیاترە کە لە ئامارە فەرمییەکاندا تۆمار کراون.

لەوەتای پەتای کۆرۆنا سەریهەڵداوە، سووریا بەشێوەیەکی فەرمی ٣ هەزار و ٢٢٩ حاڵەتی تۆمار کردووە کە لەوانەدا ١٣٧ کەس گیانیانلەدەستداوە، بەڵام لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابوردوودا پزیشکان و چالاکوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نیگەرانیان ڕادەگەیەنن لەمەڕ شیانی بەرزبوونەوەیەکی زۆری ژمارەی حاڵەتەکان. وەزارەتی تەندروستیی سووریاش بەمدواییانە دانی بەوەداناوە لە توانایدا نەبووە تاقیکردنەوەکان بەڕێژەیەکی زۆر پارێزگە جیاجیاکاندا ئەنجام بدات.



بەرپرسی لقی 16 :

لێرەوە بەبیرۆکەیەکی تازەوە راستەوخۆ لەگەڵ هاونیشتمانیان تاووتوێی کێشەکان دەکەین



بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنوورەکەو خێرا گەیاندنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستی و پەیامەکانیان بە بەرپرسانی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو زوو چارەسەرکردنیان و دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاوو بەپەلە بۆیان , بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی هەریەکە لەوەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگاری هەولێرو جێگرەکانی و سەرۆکی شارەوانیەکانی هەولێرو بەرێوەبەری ئاوو قایمقامەکانی قەزای ناوەندی و خەبات و دەشتی هەولێرو بەرێوەبەری ناحیەکان لەگەڵ ژمارەیەک لەنوێنەرانی خەڵکی سنوورەکە کۆبوونەوە .

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر ئاماژەی بەبەشێك لەکارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی رێزدار جەنابی مەسرور بارزانی کرد کە هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیەوە هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ لەپێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاونیشتمانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بەتەواوی ناوچەکانی کوردستان , بۆ ئەم مەبەستەش دەمانەوێت بەبیرۆکەیەکی تازەوە لەپێناو زوو گەیاندنی داواکارییەکانی هاونیشتمانیان و بەئامادەبوونی بەرپرسانی حکومەت و یەکە ئیداریەکان راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی خۆشەویستی خۆمان راستەوخۆ تاووتوێ ی کێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانی خەڵکی سنوورەکەمان بکەین .

دواتر لەلایەن ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەوە نوێنەرانی خەڵکی سنوورەکە بەئامانجی دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاونیشتمانیان و جێبەجێکردنی خێرای کارو پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسنوورەکە چەندین کێشەو گیروگرفت و داواکاری ئاراستەی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارو پارێزگاری هەولێرو بەرپرسی یەکە ئیداریەکانی سنوورەکە کراو لەلایەن خۆیانەوە بەڵێنیاندا هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هەرچی زووە تەواوی کێشەو گیروگرفت و داواکارییەکانی هاونیشتمانیانی سنوورەکە جێبەجێکەن لەپێناو خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیان.

پارێزگەرێ دهۆکێ چەند جادە ل سەنتەرێ قەزا زاخو ڤەکرن

خەبات/دهۆك

ل دوڤ راسپاردێن مەسرور بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژبو دوڤ چونا گەهاندنا پروژێن خزمەتگوزاری ل قەزا زاخو دوهی سپێدێ ٨-٩-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا قەزا زاخو دا و چەند جادە ڤەکرن.

١- ڤەکرنا جادا ٣٠ متری ب دریژیا ٧٠٠م ل تاخێ سنور بکوژمێ ٢٥٤ملیون دینارا ل سەر بودجا کابینا نەە یا حکومەتا هەرێمێ هاتیە بجهئینا ن .

٢- ڤەکرنا جادا ١٠ متری ب دریژیا ٥٠٠ م ل تاخێ هیزل بکوژمێ ٦٨ ملیون دینارا لسەر بودجا حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتیە ڤەکرن.

پاش پارێزگەرێ دهۆکێ سەرا پروژێ چێکرنا چەند جادێن دی لناڤ سەنتەرێ قەزا زاخو دا و ژنێزیک سەحکرە قوناغێن بجە ئینانێ کو پتریا وان ب ڕێژا ٤٠٪ هاتینە چێکرن.

هەژی گوتنێ یە نوکە ٩ پروژێن رێکێن خزمەتگوزاری لناڤ سەنتەرێ قەزا زاخو دهێتە دورستکرن و شەش پروژە ب دوماهی هاتینە و سێ بێن دی کار لسەر دهێتە کرن کوژمێ گشتی یێ ڤان پروژا پترە ژ ١٢ ملیار دینارا

هەروەسا بریارە ل روژێن بهێت چەند پروژێن دی بێن ستراتیجی ل سنورێ قەزا زاخو ب رێکا لسەرئێککێمکرنێ بهێنە راگەهاندن ژوانا پروژێ ئاڤا باتیفایە .

ل دور ڤەکرنا ڤان پروژان پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: بەری هەیامەکێ مەسرور بارزانی سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ سەرەدانا زاخو کربو وبریار دابو چەند پروژە ل دەڤەرا زاخو بهێنە ئەنجامدان ئەوجادێن ئەڤرو مە ڤەکرین هەموو ل دوڤ راسپاردێن جەنابێ وی هاتینە ئەنجامدان و ب شێوەکێ راستەوخۆ ژلایێ سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو هاتینە چێکرن ، هندەك پروژە ب دوماهیك هاتینە و هندەك ژی ب رێژا ٤٠٪ هاتینە چێکرن ئارمانج ژچێکرنا ڤان پروژا ئەوە خزمەتا خەلکێ هەموو تاخا بێ جوداهی بهێتە کرن و ب تایبەت تاخێن هەژارنشین .

هەروەسا ژ بلی ڤان پروژا هندەك پروژێن گرنك و ستراتیجی ل ئایندەکێ نێزیك دێ هێنە راگەهاندن ب رێکا تەندەرا بو خزمەتکرنا خەلکێ قەزا زاخو و تەکەزکر کو دڤێت هەموو پروژە ب کوالیتیەکا باش و ل دەمێ دەستنیشانکری بهێنە ئەنجامدان.

بە بڕی 2 ملیارو 250 ملیۆن دینار پڕۆژەی کارەبا بۆ ناوچەی بەڕانەتی و زراوەتی ئەنجام دەدرێت



بەڕێوەبەری کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بە بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سێ پڕۆژە بە بڕی ٢ملیار و ٢٥٠ملیۆن دینار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لە ناوچەی بەڕانەتی و زراوەتی ئەنجام دەدرێن.

حوسێن حەمەد، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە سێ پڕۆژە لە ناوچەی زراوەتی و بەرانەتی سەر بە پارێزگای هەولێر ئەنجام بدرێن، کە ئەوانیش بریتین لە دانانی وێستگەی مۆبایل بە بڕی ملیاریەک دینار و ڕاکێشانی هێڵەکانی کارەبا بە بڕی ٧٥ملیۆن دینار و سێ فیدەریش ڕادەکێشرێن، کە ئەوانیش تێچووەکەیان ٥٠٠ملیۆن دیناڕە.

بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر گوتیشی، ئەوەی وێستگەی مۆبایل لە مانگی ١٢ دەگاتە هەرێمی کوردستان و ڕاکێشانی فیدەرکانیش پارەی بۆ خەرج کراوە و تەنها ماوە بدرێتە کۆمپانیا و جێبەجێ بکرێت. دەشڵێ: بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە، بارزۆریی سەر کارەبای ئەو ناوچانە چارە دەکرێت و، هەر ناوچەیەکیش پێویستی بە پڕۆژە هەبێت و کێشەی کارەبای هەبێت، چارەی دەکەین .

هەولێر- خەبات.. کێشەی کەم ئاویی ژمارەیەک گوند چارەسەر دەکرێت



لە سنووری قەزای خەبات کێشەی کەم ئاوی چارەسەر دەکرێت و قایمقامی خەباتیش دەڵێت، پارێزگاری هەولێر بەڵێنی پێ داوین لە ئایندەیەکی نزیکدا پارەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی گوندەکانی بنبێرەک خەرج بکرێت.

کوێستان ئەحمەد، قایمقامی قەزای خەبات، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژمارەیەک گوندی سنووری قەزای خەبات کێشەی کەم ئاوییان هەیە و دوێنێ بۆ گەیاندنی داواکاریی خەڵکی دەڤەرەکە سەردانی پارێزگاری هەولێرمان کرد و ژمارەیەک داواکاریی سنووری قەزای خەباتمان گەیاند بە پارێزگاری هەولێر، ئەویش لای خۆیەوە بەڵێنی پێ داین بەگوێرەی توانای حکوومەت کار بۆ جێبەجێکردنی بکات.

قایمقامی قەزای خەبات گوتی: یەکێک لەو کێشانەی هەمانە کێشەی کەمئاوییە لە سنووری گوندەکانی بنبێرەک، پارێزگاری پێی ڕاگەیاندین لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ خەرجکردنی سێ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی گوندەکانی بنبێرەک.

کوێستان ئەحمەد ڕوونی کردەوە: لە هەوڵدایین نووسینگەی بانکی دارەشەکران و باری شارستانی لە شارەدێی دارەشەکران بکرێتەوە، پلانمان هەیە زیاتر خزمەتی هاوڵاتیانی سنووری قەزای خەبات بکەین.



پێشمەرگەی فیداکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر شەندو شاوەلی شانەدەری کۆچی دوایی کرد

خەبات: سەفەر ژاژوکی

لە گوندی شانەدەری سەربەدەڤەری بارزان دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی خەباتکار شەندو شاوەلی شانەدەری کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو لەگۆرستانی قەزای میرگەسۆر سەر بە دەڤەری بارزان بە خاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین شەندو شاوەلی لە ساڵی ١٩٣٣ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی شانەدەری سەربەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا بووە کە لە ساڵی ١٩٤٥ ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، ناوبراو کوڕی شەهیدی فەرمانده شاوەلی شاندەری شۆڕشگێری ناو بارزانییەکان و قارەمانی داستانەکانی ناوبانگ بۆ کورداییەتی و کەسێکی نزیك بارزانیی نەمر بووە کە لە ساڵی ١٩٤٧ لەبەرگری کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە شەڕی تەرگەوەر شەهید بووە، هەتا گەورە بوونی زۆر زەحمەت و ئاوارەیی بینووە، بۆ ئاسایشی هەرێم و ئازادی گەلەکەمان بەردەوام بووە لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، بۆ سوڕشی ئەیلوول دوای بەرگری لە داستانی بەردین شەهید بووە، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی قارەمان شەندو لە سەر ڕێگای باوك و برای شەهیدی بەردەوام دەبێت و بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات کە ڕۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە، دواتر ئاوارەی ئێران دەبێت و بەهەمان ڕوحیەتەوە دەبێتە پێشمەرگەی لەشۆڕشی گوڵان، هەروەها کەسێکی نزیك سەرکردە نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، کوڕێکی بە ناوی شاوەلی لە ١٩٨٣ ئەنفالکراوە، پاش ڕاپەڕین دوای ئاوارەیی چەندەها ساڵ گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئازاد لە گوندی خۆی شانەدەر سەر بەدەڤەری بارزان نیشتەجێ دەبێت، هەروەها پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و تێکۆشەر و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بووە، کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، ماوەی ١٠ ساڵ زیاتر دەبێت لە بەرخەبات و تێکۆشانی تووشی نەخۆشی ببوو و لە تەمەنی٨٧ ساڵی کۆچی دوایی کرد.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، لەشکر عەبدوڵڵا شاکر،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(سەبیحە حەمەدئەمین ڕەسوڵ) دایکی بەڕێزتان و هاوژینی پێشمەرگەی ئەیلوول خوالێخۆشبوو(عەبدوڵڵا شاکر) و دایکی شەهید(کاوە عەبدوڵڵا)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەواده نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوخەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك یەحیا زێدان هاواری،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری هاواری و تێکۆشەر(زێدان هاواری)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەواده نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی بەڕێزت و خانەواده و خزمانی هاواری و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای دڵۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەواده‌ی محەمەد حاجی حوسێن گەورەدێی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (محەمەد حاجی حوسێن گەورەدێی) مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەواده بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی بەڕێزت و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك عومەر قادر،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(عزەت)ی کوڕتانمان پێگەیشت. هاوخەمی خۆمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە و دۆست و خزمانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، لە خانەوادەی ئەحمەد عوسمان ئەحمەد سورچی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوای کەسایەتی دیاری خزمانی سورچی و باوکی سێ شەهیدی قارەمان(ئەحمەد عوسمان ئەحمەد سورچی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەواده بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و دۆست و خزمانی سورچی دەزانین. لە خودای دڵۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو ئەحمەد عوسمان ئەحمەد سورچی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز کاك ڕەسوڵ عەبدوڵڵا سالح،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(فاتیمە عەبدولکەریم سالح)ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەواده نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین و هاوخەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتانین. لە خودای گەورە داواکارین هاوژینی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی



گەورەترین قەزای پارێزگای سلێمانی بێ خزمەتگوزارییە
سەیدسادق.. قەیران 18 پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەکارخستووە

قائیمقامی سەیدسادق:

لە رووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە لە نێوان قەزا و ناحیەکاندا 100٪ جیاوازی کراوە



قائیمقامی سەیدسادق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو کەسەی پارکی گشتی شارەکەی بە زیادکردنی ئاشکرا و موساتەحە پێدرابوو، دراوە بە دادگا و 6 ساڵە کەیسەکە یەکلاینەکراوەتەوە. لە دیانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) دیاری رەفیق دەڵێت: قەزاکەیان وەکو پێویست خزمەت نەکراوە. سەبارەت بەدۆخی تەندروستی شارەکە، ناوبراو ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات و دەڵێت: زیاتر لە 2000 کەس لە سەیدسادق تووشی کۆرۆنا بوون.

خەبات: عەلی بانیشاری

زێدەڕۆیی

لەبارەی زێدەڕۆییەکانی سەیدسادق، دیاری رەفیق بۆ (خەبات) گوتی: وەکو قەزا و ناحیەکانی دیکەی کوردستان سەیدسادقیش بێبەش نییە لە زێدەڕۆیی، بەڵام لە زۆر شوێن باشترە. گوتیشی: بەپێی یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2018 رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە دەگیرینەبەر کە زێدەڕۆیی دەکەنە سەر ماڵ و مووڵکی گشتی. ئەو دەشڵێت: ئەگەر حاڵەتەکە بە ئێمە چارەسەر نەکرا، بەنوسراوی فەرمی کێشەکە دەخەینە بەردەم دادگا. ئاشکراشی کرد زێدەڕۆییەکانی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان لە قەزاکەدا زۆرە.

پڕۆژە وەستاوەکان

دیاری رەفیق دەڵێت: قەیران 18 پڕۆژەی جۆراو جۆری لە قەزای سەیدسادق راگرتووە، کە 9یان پڕۆژەی شارەوانین. گوتیشی: پڕۆژەکان بەشێکیان قۆناغی باشیان بڕیووە و بەشێکی دیکەیان لەدەستپێکی کارکردندا راگیراون. ئەو باسی لە گرفتە پەروەردەییەکانی قەزاکە کرد و گوتی: بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی بینای قوتابخانە بڕیار بوو سێ بینای(18،12،6) پۆلی لە سەیدسادق دروست بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە نەتوانراوە کاریان تێدا بکرێت. ئەوشی گوت: ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە بڕیاریانداوە ئەو پڕۆژانەی هی پێش 2014ن کارکردن تێیاندا دەست پێ بکاتەوە. جەختی لەوەشکردەوە بێ لە بینای قوتابخانە، گرفتی نەبوونی بینای فەرمانگە حکوومیەکان لە سەیدسادق هەیە و بەشێك لە فەرمانگەکان لە باڵەخانە و خانووی کرێدان.

بەشێکی پارکی گشتی سەیدسادق لەناوچووە

ماوەی 6 ساڵە کێشەی نێوان هاوواڵتییەك و شارەوانی سەیدسادق کە بە زیادکردنی ئاشکرا و موساتەحە پارکی گشتی شارەکەی پێدراوە لە دادگایە و یەکلاینەبووەتەوە. لەو بارەیەوە قائیمقامی سەیدسادق بەخەبات)ـی راگەیاند: لە 30ی ئەیلوولی ئەمساڵ کۆتا دانیشتنی دادگا لەسەر کەیسی پارکی گشتی سەیدسادق ئەنجام دەدرێت. ئەو دەڵێت: ئەو هاوواڵتییە 300 ملیۆن دیناری قەرزداری حکوومەتە و گرفتی پارەکە پەیوەندی بە شارەوانی سەیدسادق و قائیمقامیەتەوە نییە. دەشڵێت: هاوواڵتییەکە نەیتوانیووە خزمەتی پارەکە بکات و ئەو قەرزە کەڵەکەبووەی کە لایەتی لە بری موساتەحەکە بیدات بەشارەوانی، بۆیە رووبەڕووی دادگا کراوەتەوە. دیاری رەفیق نایشارێتەوە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە بەشێکی پارکە لەناوچووە.

قائیمقام تووڕەیی هاووڵاتیان دەگەیەنێتە پارێزگاری سلێمانی

لە 26ی مانگی رابردوو قائیمقامی سەیدسادق لە رێگەی نوسراوێکەوە نوسینگەی پارێزگای سلێمانی لە تووڕەبوونی دانیشتووانی قەزاکە لە ئاست نەبوونی خزمەتگوزارییەکان ئاگادار دەکاتەوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە داواکارین لە بەڕێزتان بەپەلە کار بکرێت:

-1پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە بودجەی 2019 دا بڕیاری لێدراوە کە یەك ملیار دینارە.

-2ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکرێت بە خەرجی ئەو سولفانەی کە کۆمپانیاکان کاری کۆنکرێت و قیر و ئاوەڕۆیان کردووە لە ساڵی 2014 پڕۆژەکانیان ڕاگیراون بەبیانووی قەیرانی دارایی.

-3 ئاگاداری شارەوانی سلێمانی بکرێت بەمەبەستی حەملەی چەورێژکردن پێش وەرزی باران بارین.

سەبارەت بەو داواکاریانە قائیمقامی سەیدسادق دەڵێت: لە ڕەشنووسی بودجەی 2019ی عێراقدا بڕیار لەسەر خەرجکردنی بڕی یەك تا دوو ملیار دینار بۆ پارێزگای هەڵەبجە و قەزاکانی سەیدسادق و چەمچەماڵ و رانیە و قەڵادزێ و سۆران بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەك دراوە، بەڵام سەرەڕایی تەواوبوونی سەرجەم کارە ئیدارییەکان و سەردانی لێژنەی وەزارەتی شارەوانی بۆ شوێنی ئەنجامدانی پڕۆژەکان تائێستا پارەکە نەگوازراوەتەوە لەسەر یەکەی ژمێریاری شارەوانی یان قائیمقامیەت یان پارێزگای سلێمانی. زیاتر گوتی: ئەگەر ئەو بڕە پارەیە خەرج بکرێت بەشێك لە گرفتەکانی قەزاکە چارەسەر دەبن. دەشڵێت: داوامان لە پارێزگای سلێمانی کردووە پێش هاتنی وەرزی زستان و باران بارین هەڵمەتێکی چاورێژکردن لە قەزای سەیدسادق دەست پێ بکات، چونکە کۆمەڵێك شوێن هەیە لە کاتی باراندا دەبێتە قوڕ و ئاستەنگ بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات.

خزمەتگوزارییەکان لە ئاست قوربانیدانی شارەکەدا نییە

ساڵانە چەندین جار دانیشتووانی سەیدسادق بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و پشتگوێخستنی شارەکەیانەوە خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن. دیاری رەفیق دەڵێت: لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە سەد لە سەد لە نێوان قەزا و ناحیەکاندا جیاوازی کراوە. پێشی وایە سەیدسادق یەکێکە لەو قەزایانەی وەکو پێویست خزمەت نەکراوە. باس لەوەشدەکات شارەکە 1963 تاوەکو ئێستا چەندین جار تووشی وێران بووە. قائیمقامی سەیدسادق دەشڵێت: ئەوەی بۆ قەزاکە کراوە لەئاست ئەو قوربانی و ڕاگواستن و وێرانکارییەدا نییە کە بەسەریدا هاتووە. سەیدسادق 5 جار ڕووبەڕووی وێرانبوون و ڕاگواستن بووەتەوە. لە 2007ەوە بووەتە قەزا و ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە 120 هەزار کەسە.

ژمارەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەڵکشاندایە

قائیمقامی سەیدسادق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شارەکەدا ڕوو لە هەڵکشانەوە و ئاشکراشی دەکات تائێستا زیاتر لە 2000 هەزار کەس لە سەیدسادق تووشی کۆرۆنا بوون و 21 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. دیاری رەفیق گوتیشی: هیچ نەخۆشێکی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی سەیدسادق نەماوە. ناوبراو داواشی لە دانیشتووانی سەیدسادق کرد زیاتر گرنگی بەخۆپارێزی بدەن و ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن. پێشتر چەند جارێك قائیمقامی سەیدسادق هۆشداری ئەوەی دابوو ڕەوشی تەندروستی شارەکە خراپە و کۆرۆنا زۆر بەخێرای تەشەنەی کردووە.

دروێنەی چەڵتوک لە پارێزگای هەکاری دەستی پێکرد
بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی هێشتا جووتیاران بە ڕێگا کلاسیکییەکە برنج دەچێنن

خەبات: باکووری کوردستان

شارۆچکەی چوکورجا سەربە پارێزگای هەکاری بە چەندین چیا دەوردراوە و خاکێکی بەپیتی هەیە. شارۆچکەی چوکورجا بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیەکەیەوە ناتواندرێت لە بەشێکی کێڵگەکاندا ئامێرە کشتوکاڵییەکان بەکاربهێندرێت، هەر بۆیە تا ئێستا لە کێڵگەکاندا بەرێگا کۆنەکان چەڵتوك دەچێندرێت. لە گوندی گیوندەش، گوندنشینان لەگەڵ یەکەم گزنگی بەیان دەچنە کێڵگەکانیان و دەست بە دروێنەی چەڵتوکەکانیان دەکەن و تەواوی کارەکانی ناو کێڵگەیش بەهەرەوزی ئەنجام دەدەن.

بەم شێوەیە ئەو برنجەی بەرهەمی دەهێنن بەشی خواردنی خۆیان دەکات، هەروەها دەشبێتە سەرچاوەیەك بۆ بژێویان.

بەڕێوبەری کشتوکاڵ و دارستان لە قەزای چوکورجا، محەمەد نەزیف ئاشوك سەردانی جووتیارانی کرد و لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشی دروێنەی چەڵتوکی کرد.

محەمەد نەزیف ئاشوك لە لێدوانێکیدا گوتی: لەبەرئەوەی کێڵگەکان لە ناوچەی سەخت و شاخاویدان کاری جووتیارەکانمان سەختە، هەروەها ئاژەڵی کێوی لەم ناوچەیە زۆرە، هەر بۆیە بیرمان لە تەلبەندکردنی کێڵگەکان کردووەتەوە، بەمشێوەیە دانیشتووانی شارۆچکەکەمان دەتوانن ئاسانتر کشتوکاڵ بکەن. بەرهەمەکانی ئەم ناوچەیە لەبەرئەوەی بە ڕێگا کۆنەکان بەرهەمدەهێندرێن تام و چێژەکەی جارانی هەیە و کوالیتی برنجەکەیش زۆر بەرزە.





فەوزی ئەسعەد:

بارزانیی نەمر شۆڕشی ئەیلوولی بە خەباتی چەکداری و خەباتی دیپلۆماسی پێکەوە گرێدا بوون

ساسان دەرویش – هۆڵەندا

بە بۆنەی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بەڕابەرایەتیی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر دەستپێکرد و سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانی بە یەکسانی لەژێر یەك ڕەشاڵدا کۆکردەوە بە ئاراستەی شۆڕشێك دژ بە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە، بە هەموو پێکهاتەکانەوە لە یەك سەنگەردا خۆیان بینیەوە لەپێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیان لە هۆشیارکردنەوەیان بەبیری کوردایەتی و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی دروشمەکان لە حزبێکی نەتەوەیی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و بڕوابوون بە کوردستان یان نەمان، ئەم شۆڕشەش بەدرێژترین و مەزنترین شۆڕش ناودەبرێت و زۆر دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی و گەورەشی تۆمار کرد، بەم بۆنەیەشەوە فەوزی ئەسعەد هەڵگری میدالیای بارزانی و جێگری بەرپرسی لقی شەشی ئەوروپای پارتی بۆ خەبات دوا:

-هەوڵی سڕینەوەی کورد بوونم لە سوریا هاندەربوو بۆ دوورکەوتنەوەم فەوزی حوسێن ئەسعەد ناسراو بە فەوزی ئازاد ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی جرنا لە ناوچەی قامشلو لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٦ خوێندنی دواناوەندی لە قامیشلو تەواوکردووە و وەك خۆی دەڵێت: ماوەیەك بەر لە تەواوکردنی خوێندن، ڕژێمی سووریا یاسای دابەشکردنی زەوی لە هەرێمی باکووری کوردستان، بەتایبەتی بۆ ناوچەی قامیشلو پەسەند کرد و بەو یاسایە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کوردی ڕۆژئاوای لە هاوڵاتی بوونی سووریا بێبەش کرد، ئەو زوڵمەی ڕژێمی سووریا، هاندەر بووە کە فەوزی بیر لە جێهێشتنی ڕۆژئاوای کوردستان بکاتەوە، گوتی ساڵی ١٩٦٦ ڕووم لە باکووری کوردستان کرد، لەوێ بە یارمەتی موسا عەنتەر نووسەر و شاعیری باکووری کوردستان یەکێك بوو لە ئەندامانی بنەماڵەکەم، لە ئەستەمبوڵەوە بەقاچاغ چووم بۆ فەرەنسا، لەوێ بەهۆی کامەران بەدرخانەوە لەگەڵ هەقاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکایەتیم پەیدا کرد و ساڵی ١٩٦٧ لە پاریس چوومە نێو ڕێکخستنەکانی ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش نۆ مانگ ژیان لە پاریس، بەداخوازی لقی ٦ی پارتی، چووم بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا و دواتر بەپشتگیریی لقی ٦ی پارتی بۆ درێژەدان بەخوێندن، چووم بۆ بولغارستان، هاوکات لەگەڵ خوێندن لە سۆفیا هاوکاری دکتۆر جەمال ڕەشید و کەریم ئەتروشی و چەند هەقاڵی تری پارتیم کرد و ڕێکخستنەکانی پارتیان لە بولغارستان سەرلەنوێ بووژاندەوە هەموو ئەمانە هاندەربوون کە دووبکەومەوە و ژیانی غوربەت و پارتی بوونم لە ڕێبازەکەی بارزانیی نەمر خۆم بدۆزمەوە .

-شۆڕشی مەزنی ئەیلوولمان بە ماڵی خۆمان زانیوە کە تیایدا خەبات بکەین پاشان فەوزی ئەسعەد لەبارەی پەیوەندیکردنی بەپارتییەوە گوتی: هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ١١ی ١٩٦١ بۆ هەرتاکێکی کورد لە هەرپارچەیەکی کوردستان بووبێ لەوکات و ساتەدا و بەئێستاشەوە کە هەرێمی باشووری کوردستان و پەرلەمان و حکومەت هەیە، بە ماڵی خۆمان زانیوە شۆڕشەکە و سنوورمان نەزانیوە، هەروەك خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر لە پارچەکانی تری کوردستان و ڕۆژهێنین بۆ یەك ئامانج کە سەرکەوتنی کورد بووە، منیش لەم ڕوانگەی خۆمەوە بۆ پارتی و بارزانی هانیدام هەرچۆنێك بێت خۆم بگەیەنمە شۆڕش کە بەماڵی خۆم دەزانی ببمە پێشمەرگە و دژبەداگیرکارانی کوردستان بجەنگم، بەڵام هەقاڵانی پارتی پییان باشبوو کە ئەوەش ڕێنمایی بارزانیی نەمر بوو کە لە پاڵ شۆڕشەکەیدا لاوانی کورد لە دەرەوە بنە باڵێوزی کورد بۆ گەیاندنی دەنگ و سەدای شۆڕش و پێشمەرگە ئەمەش بەخوێندن و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەکانی دەرەوە، منیش لەم هاندانەدا توانیم لە ساڵی ١٩٧٤ بەشی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسی ماجستەر وەربگرم و هەر لەو ساڵەدا چوومەتە بەرلینی ڕۆژئاوا بۆ کۆنفرانسی لقی ٦ و دواتر گەڕاومەتەوە بۆ بولغارستان،



خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر لە بۆ یەک ئامانج و سەرکەوتنی کورد بووە لە هەموو پارچەکان

دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دا لەسەر داوای تاریق ئاکرەیی کە بەرپرسی لقی ٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ئەوروپا، سەرلەنوێ گەڕاومەتەوە بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا و بەنوێنەرایەتی پارتی بەشداریم لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کرد، لەو کۆنگرەیەدا د. ڕۆژ نووری شاوەیس بەسکرتێر و فەوزی حوسێن بە جێگری سکرتێر و محەمەد ساڵح جومعە بە ئەندامی کارگێڕ و بەرپرسی ئابووری کۆمەڵە هەڵبژێردراون .

-کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپا سەکۆی شۆڕش و چەترەی کۆکردنەوەمان بوو

هەروەها فەوزی ئەسعەد لە ڕۆڵی گرنگی کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەندامان لەناویدا گوتی: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بۆ هەموومان سەکۆیەك و چەترێك بوو کە دەنگ و سەدای شۆڕش و پێشمەرگە و ناسنامەی نەتەوەییمان بە کۆمەڵگەکان بنا سێنین

لە ڕێگایی ئاهەنگ و بۆنە نیشتیانی و نەتەوەییەکانمان و بڵاوکراوەکان سەرنجی بیانیەکانمان بۆڵای کورد ناسین ڕاکێش دەکرد، بەداخەوە لە دوای نسکۆی شۆڕش و جیابوونەوەی باڵی جەلال تاڵەبانی و بانگەشەکردن بۆ حزبێکی نوێ، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەڵوەشایەوە و هەر حزبە و بەشێوەیەك کۆمەڵەی بۆ خۆی دامەزراند، بەمەش پەرتەوازەیی کەوتە نێوانمان لە دوای هاتنی مام جەلال تاڵەبانی بۆ بەرلین و ئەندامانی خۆیانی کۆکردەوە و جیاکردەوە ئەو سەکۆیەی شۆڕش کە هەموومانی کۆکردبووە بەداخەوە هەڵوەشایەوە.

-هیچ کات نائومێد نەبووین لەوەی کورد بە تەنیا بمێنێتەوە

فەوزی ئەسعەد هاتە سەر باسکردنی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵگرسانی شۆڕشی گوڵان و گوتی: ئێمە هەمیشە بەئومێدەوە تەماشای گەورەی شۆڕش و سەرکردایەتی و ڕابەری مستەفا بارزانیی نەمرمان دەکرد و هیچ کات نائومێد نەبووین لەوەی کورد بەتەنها بمێنێتەوە لەبەردەستی داگیرکارانی کوردستان، بەشداری کۆنفرانسی ١٩٧٦/٨/١٦-١١ لقی ٦ی پارتیم لە بەرلین کرد بە بەشداری ٨٠ خوێندکار و سەرپەرشتی د. ڕۆژ نووری شاوەیس و سامی عەبدالڕەحمان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول و ڕێکخستنەوەی پارتی پێکهات لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردراوە پارتی بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتوخواز و بەپشتبەستن بە ڕێبازی سەرۆك مستەفا بارزانی ڕێکبخرێتەوە و سەرکردایەتیی پارتی بە بەشداریپێکردنی حەوت ئەندامی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بەهێز بکرێت کە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرلین لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٦-٤ لە گوندی دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ پێکهات بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کران، مەکتەبی سیاسیی پارتی بەر لە پێکهێنانی کۆنگرە بە کۆمەڵەی ڕاگەیاند کە د.ڕۆژ نووری شاوەیس و محەمەد ساڵح جومعە و من فەوزی ئەسعەد بچین بۆ ئێران و بەشداریی بکەین لە کۆنگرەی نۆیەمدا بەو بڕیارە لە ئەڵمانیاوە چووم بۆ ئێران و چەند ڕۆژ لە کەرەج و ورمێ مامەوە، بەڵام چونکە ڤیزای یەك مانگەی ئەڵمانیام هەبوو بەر لە پێکهاتنی کۆنگرە ڤیزاکەم تەواوبوو، من نەمتوانی بەشداریی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بکەم و گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا و هەردوو هەقاڵەکانی لەگەڵم چوون، بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و منیش بەتەنها مامەوە لە کۆمەڵەی خوێندکارانی خۆمان ئێشوکارەکانم ڕادەپەڕاند، تاکو بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنراو سەرلەنوێ کۆمەڵەی خوێندکاران یەکەمان گرتەوە و هەر شەش مانگ جارێك نوێنەری حزبێکی کوردستانی سەرپەرشتی دەکرد لە شەش مانگی یەکەم من ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆ تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووین وەك یەك تیم و کارکردن بۆ کورد و کوردستان بەداخەوە دوای ١٩٩١ کۆتایی بەم بەرەیەو کۆمەڵەکە هات، لە کۆنفرانسی لقی ٦ لە ساڵی ١٩٩٣ بەر لە کۆنگرەی ١١ی پارتی لە هۆڵەندا پێکهات هۆشیار زێباری بەرپرس بوو بەئەندامی کارگێڕی لقی ٦ لە ئەوروپا هەڵبژێردرام بەمشێوەیە درێژەم بەکار و خەبات و تێکۆشانی خۆم داوە هەمیشە شانازی بەپارتی بوونی خۆم دەکەم کە خۆم و ماڵباتەکەم ئەم ڕێبازە کە ڕێبازی کوردایەتییە بەئومێدی کوردی دەزانین و هەمیشە لایەنگری شۆڕش بووین و بڕیارەکم بەناوی کازم حوسێن چەند جار لەلایەن ڕژێمی سووریاوە بەهۆی یارمەتیدانی شۆڕشی ئەیلوول دەستبەسەر و زیندانی کراوە و سەرئەنجام ناچارکراوە ڕۆژئاوای کوردستان بەجێهێڵێت و بچێ لە تورکیا نیشتەجێ بێت و سەرئەنجامی دڵسۆزیمان بۆ ڕێبازەکە و پارتی لە کۆنگرەی ١٣ی پارتیمان لە ٢٠١٠/١٢/١٥ بووم خاوەنی میدلیایی بارزانیی نەمر کە بە هەموو سەرمایەی دنیایی ناگۆڕمەوە و پەیانێکە و داومانە هەتا مردن لە خەبات و تێکۆشاندا ئەبین .

-لەم یادە پیرۆزەدا شانازی بەمێژووی پارتی بوونمان دەکەین

لە کۆتایشدا فەوزی ئەسعەد بەبۆنەی ٥٨ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر گوتی: بارزانیی نەمر چۆن لە خەباتی چەکداری دا شارەزا و لێهاتوو و سەرکردەیەکی وریا و ئازا و چاونەترس و لەخۆبووردوو بوو، هەر ئاواش لە خەباتی دیپلۆماسی دا شارەزا و لێهاتوو وردبین بوو، دەیزانی خەباتی چەکداری بێ خەباتی دیپلۆماسی نایەتە بەرهەم و کەم تا زۆر شۆڕشگێر تەنها بەچەکەکەی ناتوانێت ئاواتەکانی وەدی بهێنێت، چاك لەوە گەیشتبوو کە چەك هۆیەکە بۆ خەباتی دیپلۆماسی، شەڕ بۆ ئەوەیە کەسەر بەدوژمن دانەوێنی و بڕوا بەوە بینێ کە تۆ هەیت و ئەوەی تۆ داوای دەکەیت حەقە و پێویستە وەڵامت بدرێتەوە، کەواتە چەك و خەباتی چەکداری هۆیەکە بۆ ئەوەی دوژمن لە خەوی غەفڵەت وریا بکەیتەوە و ڕاستی و چەوتی خۆی بۆ دەرکەوێت، شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش لەسەر ئەم بنەمایە خەباتی کورد و درێژەی بەکاروانی تێکۆشان داوە، لەم یادە پیرۆزەدا شانازی بە مێژووی پارتی بوونمان دەکەین.

چاپکراوەی نوێ

کادیری کارا

لەم ڕۆژانە نامیلکەی (کادیری کارا) بە 32 لاپەڕە لە نووسینی (سیروان عوسمان حوسێن) بڵاوبۆوە. لەبارەی ناورۆکی ئەم نامیلکەیە، نووسەر لە پێشەکیدا دەڵێ:«ئەم نامیلکەیە بریتییە لە پەنجا پێناسە، یان پەنجا ئەرك و ڕێنمایی لە ئامادەکردنی کادیری کارا». لە پەرەگرافی کۆتایی پێشەکییەکەدا هاتووە:«خاڵی سەرەکی ئەم پەنجا بەندەی لەم نامیلکەیەدا هاتووە، خاڵی پەروەردەکردنی کادیرە لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەی بێگەردی کوردەواری».

لە باسی کادیردا، وەك سەرنجێك، بەم شێوەیە پێناسەی کادیر کراوە: کادیر لە بنەڕەتدا وشەیەکی بیانییە، لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری حزبی و سیاسییەوە لە کوردستان، خراوەتە ناو فەرهەنگی زمانی دەربڕینی سیاسەتی کوردەوە. کادیر ئاوەڵناوی کەسێکە کە بۆ کارێکی سیاسی بە فکری حزبێك پەروەردە کرابێت، بچێتە ناو جەماوەر و ڕاسپاردە فیکری و حزبییەکان بە شێوەی ستراتیژ و تاکتیك بەو شێوەیەی لەسەر ڕاهێنەڕاوە بگەیەنێت و قەناعەتی تایبەت دروست بکات. کادیریش فرە بواوە: کادیری سیاسی، کادیری ئیداری، کادیری عەسکەری، کادیری کۆمەڵایەتی، کادیری دینی، کادیری وشیارکردنەوە، کادیری ڕاگەیاندن.... هتد.

کادیر مرۆڤێکی چالاکە بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسووڕانی گشتگیری حزب، کە حزب تەرخانی کردووە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەرییە، چەندین خولی پێگەیاندنی کادیرانی کردۆتەوە، هەر لە سەردەمی شاخ تا دوای ڕاپەڕینی مەزنی 1991 ژمارەیەکی زۆر کادیری پێگەیاندووە».

ئەم نامیلکەیە، بەشداریەکی گرنگە لە پرۆسەی ئامادەکردنی کادیر، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

چاپکراوەکانی نووسەر:

- مسعود بارزانی تەمەنێك لە سەروەری (3 بەرگ) - 2019.
- هەڵوێست و دەستکەوتەکان (2 بەرگ) - 2019.
- 100 کتێب - 2019.
- چاپخانەی ڕۆشنبیری - ئومێدی نووسەران - 2017.
- مێژووێکی پرشنگدارو کاروانێکی نەپساو - 2014.
- کاریگەری میدیایی 2005.




شۆڕشی مەزنی ئەیلول.. ناسنامە و پێناسەی گەلێکی ستەملێکراو

یونس حەمەد - ژۆسلۆ

لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ گەلی کوردستان شۆڕشی مەزنی ئەیلول بە ڕابەرایەتی باوکی ڕوحیی و نەتەوەیی بارزانی نەمر وەرچەرخانێکی مێژوویی و گرینگ بوو، لەم شۆڕشەدا کورد پەیامێکی دایە جیهان کە تا کوردێك مابێت خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەل و نیشتیمان بەردەوام دەبێت .

شۆڕشی ئەیلول پێناسەیەك بوو بۆ ناساندنی گەلێك بە جیهان و ڕابەر و سەروەری ئەم خەباتەش بارزانی نەمر بوو، کە وەك چەترێك توانی گەلی کوردستان یەکبخات و دەستکرا بە تێکۆشان کە تائێستاش کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشە مەزنە لەنێو دڵ وەدەروونی تاك وکۆمەڵی کوردی دا ماوە.. کات وساتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە سەردەمێکی هەستیار و واقعییبینانەدا سەری هەڵدا، هەر بۆیە دووبارە هیوا و متمانە بۆ درێژەدان بە ژیانی بەرخودانی وخەبات لە پێناوی گەلی کورد گەڕایەوە، دوای ئەوەی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهابادی چوارچرا و بەبەر چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو سەردەم، تا ڕادەیەکی زۆر بێ ئومێدیی پاڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو، متمانە و گرنگیدان بە پرسی کورد گەیشتبووە خاڵێك کە هیچ کوردێك ئاواتی بۆ نەدەخوازی، بەڵام کە دووبارە شۆڕش هەڵگیرسایەوە هیواکان زیاتر پەرەیسەند و خەڵکی کوردستان بە پیر شۆڕشەکەوە چوون، بەمەش جارێکی دیکە خەبات دەستی پێکردەوە. لە یازدەی ئەیلولی ساڵی 1961دا گەلی کورد بڕیاری بەرگری لە خاکی کوردستاندا ، کورد تەبا ویەکڕیز و بەورە بەرزییەوە دەستیان دایە چەکی شەرەف بۆ بەرگریکردن لە گەل ونیشتیمان بۆیە هەر زوو تەواوی گەل بوونە هێزێکی پتەوی بەرگری، ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا شۆڕش پەرەی سەند لێرەدا وانەکانی کوردایەتی زیاتر لەناو دڵ و دەروونی گەل دەچەسپا.. ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا لە گرینگی ئەو خەباتە گەیشتبوون، بۆیە هیچ ڕێگایەکیان لەپێشدا نەمابوو تەنیا ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت مافی گەلی کوردستان بدەن ، ئەوەبوو لە یازدەی ئادارى 1970 بەغدا ناچار کرا مافی گەلی کورد بە ڕێکەوتنامەیەکی میژووییی مۆر بکات کە بووە بەڵگەنامەیەکی گرینگ بۆ مێژووی خەبات وتێکۆشانی بزاڤی گەلی کوردستان، شۆڕشی مەزنی ئەیلولیی بە تەنیا ئەوەنەبوو شۆڕش و خەباتێکی چەکداری بێت، بەڵکو خۆی لە خۆیدا دەوڵەتێك بوو بە هەموو مانا سروشتیەکانی ژیان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هێزە چەکدارەکان و پێشمەرگە بە سیستەمێکی یاسایی، ڕاییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان، بواری پەروەردە و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش هەر هەمووی لە پرەنسیپە هەرە مەزنەکانی شۆڕشدا بوون هەر ئەمەش وای کرد خەڵك زیاتر متمانەی بەو شۆڕشە هەبێت..

بارزانی نەمر ڕابەری شۆڕش و کەسایەتیەکی کاریزمابوو، کە بووە هێمایەك لە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، بەمەش بە لێهاتوویی و تواناکەی نەوەك تەنیا کورد، بەڵکو تەواوی گەل و ئایین و ئاینزاکانی دیکەی لە دەوری شۆڕش کۆکردەوە، ئەو ڕۆڵەی کورد لەناو شۆڕشدا پێیدەدرا بەهەمان شێوە گەل و ئاینەکانی دیکەش ئەو پلە و پایانەیان وەردەگرت بێ ئەوەی هیچ توانج و ڕەخنەیەك بوونی هەبێت هەر بۆیە کوردستانیان بەهەموو چین وتوێژەکانیانەوە بە گەرمییەوە ڕوویان لەم شۆڕشە مەزنەدا دەکرد . پەیامە گرینگەکەی شۆڕش ئەوەبوو کە گەلێکی ستەم و زوڵملێکراو هەیە خاکی داگیرکراوە و ژیان و مێشکی گەلەکەشی هەمیشە تووشی دڵەڕاوکێ کردووە! پەیامی ئەیلول ئەوەی بە جیهان گوت کە تا بەدەستهێنانی یەکجارەکی مافەڕەواکانی گەلی کوردستان لە خەباتکردن سڵ ناکات و بەردەوام دەبێت . گەرانەوە بۆ مێژوو یەکێکە لە خاڵە هەر بەهێزەکاندا، ئەگەر بەهەنگاو بگەڕێینەوە مێژوو دەبینین شۆڕشی ئەیلول هەوێنێك بووە بۆ هەموو داخوازییەکانی گەلی کوردستان، ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی کە گەل بەدەستی هێناوە بنچینە سەرەکییەکەی بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەگەڕێتەوە، چونکە گەلی کوردستان وانەکانی کوردایەتی لەم شۆڕشەدا وەرگرتووە، هەر بۆیە ئەیلول بووە ناسنامە و پێناسەی گەلێکی ستەملێکراو.



شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەنێوان چەک و خوێندندا نەخشەی ئایندەی کێشا

تەها دەرویش نادر – هۆڵەندا

٥٩ ساڵ لەمەوبەر لە دوای ١٥ ساڵ لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەڵگیرسا، کە بووە ئومێدی ئایندەی گەشی کورد بۆ وەدەستخستنی ئامانجەکانی لە ماف و ئازادی، لەنێو هەلومەرجێکی سەخت و دژواری دوای جەنگی جیهانی دووەم و دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو جەمسەردا، پەراوێزخستنی مافی کورد لە پەیاننامەی سیڤەرەوە گۆڕدرا بۆ لۆزان، هەوڵی گەورە پیاوان و تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتێکی بێ خەوشیان کرد، بەڵام مەخابن نەگەیشتنە ئەوەی کورد بگاتە ترۆپکی ئازادی لەنێو ئەم هەموو گۆڕانکاریەدا، خۆڕسکانە پارتی دیموکراتی کوردستان لەدایکبوو لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر، ئەمڕۆش دوای سێ چارەکە سەدە گەورەترین پارتی گۆڕەپانی کوردستانە و لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی کوردستاندا خاوەن ٤٥ کورسیی پەرلەمانییە و لەسەر ئاستی عێراقیشدا زۆرترین دەنگی هێناوە بە تەنیا خاوەنی ٢٥ کورسیی پەرلەمانە لە بەغدا، لە تەمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی گەورەترین شۆڕشی سەرتاسەری و درێژخایانە کە ماوەی ١٤ ساڵ بەردەوامی هەبوو، هەموو چین و توێژەکانی کورد خۆیان تیایدا بینیوە و پێکەوە بەرگریان لە ناسنامەی کوردبوون کرد، زۆر دەستکەوتی گەورە و گرنگ و مێژوویی بەدەستهێنا، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا زۆر بەگرنگییەوە دەیڕوانییە خوێندن و ئومێدی شۆڕش و حزبەکەی لەسەر هەڵدەچنی بۆ پێشکەوتن و ئایندەی کورد .

لەم یادە پرشکۆیەدا پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم مستەفا بارزانیی نەمر لەگەڵ شۆڕش و بەرخوداندا وای چاوەڕوان دەکرد لەبەری ڕەنج و خەباتی ئەم شۆڕشە نەوەیەکی ڕۆشنبیر وخوێندەوار پێ بگەیەنێت، بۆیە چەندین قوتابی بە زەماڵە دەنارەد دەرەوەی نیشتمان بۆ فێربوونی زانست و وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا، هەر ئەوەش بوو کە زۆرێك لە گەنج و لاو لە دەرەوە خوێندنیان تەواوکرد و گەڕانەوە ناو شۆڕش، کاتێکیش بەینی ڕژێم و شۆڕش تێکچوو، پارتی زانکۆی جێنەهێشت، لەگەڵ خۆیدا بردییە شاخ، ڕژێم هەروەك پیشەی دڕندانەی خۆی لە ١٩٧٤/٤/٢٤ بۆردوومانیکردن و دەیان لاوی بێ سەروشوێن و شەهیدکردن، شۆڕش لە پاڵ خەباتی چەکداریدا دەیان تیپی وەرزشی و هونەری و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە هەر یەکە و لە بواری خۆیاندا کاری خۆیان بکەن، بەمەش ڕووبەکی جوانی شارستانیەتی شۆڕشی نیشان دەدا، وێڕای خاوەنی چاپخانە و بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتووك بوو کە هەموویانی بەسەرچاوەی هۆشیاری نەتەوەییانە دەزانی کە شۆڕش لەسەر بنەمای زانست و زانیاری دروست پێبگەیەنێت، کە سەرئەنجام شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بڕینی قۆناغێکی تازە بوو لە مێژووی نەتەوەکەماندا لەگەڵ خەبات و بەرخودان و بەرگریکردنیشدا بووە فەرهەنگ، چونکە زیاتر وشەی شۆڕشگێڕی و فەرهەنگی خەبات لەوێوە داکەوت لە مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەییماندا پانتایەکی زۆری داگیرکردووە تا ئێستاش تێکۆشەرانی هەموو لایەنەکان هەرکات مێژووی خۆیان بنووسنەوە، دەبێ تەزکیەی خەباتی دێرخایەنی کوردایەتی یان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە پشتڕاست بکرێتەوە، ئەمە بوو گەورەی ئەو شۆڕشە بۆ کورد کە بنەغەی ئەمڕۆی دامەزراند و کورد لە سایەیدا بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی ژیان دەگوزەرێنن، با ئارامی و نەوەکانیان لە سێبەریدا بە خوێندن و زانست گۆش و پەروەردە دەکەن و میللەتێکی ساخڵەم پێدەگەیەنن، دروود بۆ بارزانیی ڕابەر و هەموو پێشمەرگەی کوردستان، لەم یادە پیرۆزەی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕش، سەری ڕێز بۆ تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنەوێنین.



ڕۆڵی فەرەنسا

عەبدولخالق هۆرمزیار

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان ساڵی 1991، کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی بەرەو سنوورەکان ، هەست و سۆزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەژاند ، بەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام چ ستەمێك لە گەلی کورد دەکات. حکومەتی فەرەنسا هاتە دەنگ و ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لە پاراستنی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبوو. توانی هەرێم بە ئاقارێکی سە قامگیردا ببات .

بۆ ئەمەش لە دارشتنی بڕیاری ژمارە 688ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە ناوچەی دژە فڕین کە هەرێمی کوردستانی دەگرتەوە، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، بۆ ئەوەی کورد لە جەورو ستەمی ڕژێمی سەدام بپارێزێت. پاش ئەوەی بڕیارەکە هاتە بواری جێبەجێ کردن، زۆربەی خەڵك لە ئاوارەیی گەڕانەوە زێدی خۆیان، لە بەرقەراربوونی هێمنی لە کوردستان دڵنیابوون ..دیسانەوە فەرنسا لە ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ژێرخانی دارماوی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای ڕێکخراوە مرۆیە ناحکومیەکان ڕۆڵێکی جوامێرانەی هەبوو. ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی خەڵکی دێهاتەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان .

لە شەڕی نەگریسی داعش، فەرنسا لە ڕێگای هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە، هەمیشە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. بە بەردەوامی گوورزی کوشندەیان لە داعش دەدا، خەونی داعشی لە گۆڕنا. هەمیشە فەرەنسا پێگەی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە و لە هەوڵی پاراستنیدا بووە، ئێستاش لە هەوڵی بەردەوام دایە، کە حکوومەتی عێراق، لە ڕێگای گفتوگۆوە، کێشەکانی بە پێی بەندەکانی دەستور لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، وەك هەرێمێکی فیدراڵ سەیری بکات، ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی حکوومەتی فەرەنسا پێویستە زۆر بە بایەخەوە سەیر بکرێت.

پاڵپشتکردنی فەرەنسا لە چارەسەرکردنی کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت، بۆیە گەلی کوردستان نابێت ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی فەرەنسا لە بیربکات، ئەو پشتگیریەی فەرەنسا بە ئاشکرا لە سیاسەتی دەرەوەی ڕەنگی داوەتەوەو هەستی پێ دەکرێت ، بۆ کوردیش دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ دوارۆژێکی پرشنگدار.

ڕۆڵی دەڤەری خۆشناوەتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا

بەردەوام دەبین لەسەر خزمەتکردن بە قەوارەی هەرێمی کوردستان، لەژێر چەتری جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی

سەلام حەسەن ناسر



کاوانی حەسەن کاوانی و حەمید کاوانی و وەسمان حوجرانی و حەسەن ناسر و دەیانی تَر) کە ژمارەیان 47 قارەمان بوو و ناویان لێنرا (ئەشقیا). دوای ماوەیەك بەفەرمانی بارزانی نەمر کە لە قوپی سووری (میراوە) بارزانی نەمریان بینی، ئەمری پێکردن و نامەیەکی پێدان بۆ لای نیشتمانپەروەر و خانەوادەی (عەباس ئاغای سەرکەپکان) کە ڕۆڵێکی جوامێرانەی بینی و ماوەی دوو مانگ زیاتر ئەو 47 ئەشقیایە لەلای ئەو مانەوەو خزمەتی زۆری کردن تا گەڕانەوە وەیان بۆ دەڤەری خۆشناوەتی.

ئەوەی جێگای سەربەرزی و دڵخۆشییە یەکەم (مەخفەری پۆلیس) لە کوردستان کە ئازاد کرا لە سنووری هەریر بوو و دەستی بەسەردا گیرا و زیاتر لە 70 پارچە چەك بۆ شۆڕش دابین کرا، کە خودی (بارزانی نەمر) فەرمووی ئەمە بە شۆڕشێك هەیە لەو کاتەدا ئەم پارچە چەکانە گەیشتنە دەست شۆڕش، کە قارەمانییەتەکەش لەلایەن ئەو ماندوونەناس و ئەشقیایانەوە ئەنجامدرابوو، ئەوانەیش کە ڕۆڵیان گرتنی مەخفەرکەی هەریر هەبوو، (حەسەن ناسر ، ئەنوەر زەرد گەرەوەیی، محەمەد سەعدی گەرەوەیی، سۆفی بلۆك) بوون بە هاوکاری و ڕێنوێنی ڕاستەوخۆی شەهید (خانەوەدر هەریری)، ئینجا شۆڕش دەستی پێکرد و ڕۆڵی خوشناوەتی بە سەرکردایە تی (مەحمود کاوانی و حەمید کاوانی) زۆر دیارتَر بوو لە شەڤلاوەو کاوانییەکان هەمیشە جێگای متمانەی بارزانی نە مر و شۆڕش بوون.

لەو 14 ساڵەدا سنووری خۆشناوەتی دەیان و بگرە سەدان قارەمانی بە کوردستان بەخشی کە هەم وەکو سەرکردە و هەم وەکو پێشمەرگەی چاونەترس و گیانفیدا، بە شەهید بوونی (مەحمود کاوانی) کەلەنێکی گەورە دروست بوو لە سنووری خۆشناوەتی، بەڵام دیسان هەر بەردەوام بوون و کۆڵیان نەدا و درێژەیان بە قارەمانیەتی و گیانبازی دا.

لە شەڕی گەورەو بەناوبانگی (چیای سەفین) ڕۆڵی ئەو قارەمانانە هەرگیز بیر ناچێتەوە کە بۆ ماوەی زیاتر لە 8 ڕۆژ لە چەندین فەوجی عەسکر و جاش و پۆلیس درا (وەسمان حوجرانی، عومەر مەلازادە، تاهیر شەڵاوەیی، عەزیز لوشی، حاجی ئەحمەد مستەفا، ئەحمەد زەخۆك، قادر گوزی، برایم خرە، حوسێن نەجم، ئەحمەد قادر، حاجی عوسمان هیرانی، سەلیم هیرانی، عەزیز خەیلانی و خەڵکی ئاقوبان) تا وای لێهات حکوومەتی عیراق لە ئەنجامی نەبەردییەکانی ئەو قارەمانیەتەی پێشمەرگە تەنازل بکات، کە لە چللەی شەهید عومەر مەلازادە، بەرێز ڕەشید سندی کە ئەوکات سەرپەرشتیاری ئەو سنووەرە بوو باسی قارەمانیەتی و ڕۆڵی ئەو ماندوونەناسانەی کرد، کە سەرەڕای کەمی ژمارەیان، بەڵام توانیان لەشکرێکی زەبەلاحی سوپای عیراق ڕابگرن.

شەڕ هەبووە ئەو ماندوونەناسانە پاشەکشەیان نەکردوە تا شەهید بوونە لەوانە (شەهید حەمید گەرۆتەیی) کە شەڕی لەگەڵ تەیارە کرد تا شەهید بوو، بەڵام سەنگەرەکەی خۆی چۆل نەکرد کە ئێستایش شوێنەکە بەناوی ئەو قارەمانەوە دەناسێتەوە(کەپکی شەهید حەمید گەرۆتەیی) هەروەهاش شەهید ڕەزا شیرەیی کە لە زینەتیر شەڕی لەگەڵ دەبابەی دوژمن کرد، ئەوانە و دەیان نموونەی دیکەش لەو سنووەرە هەن، کە ڕەنگە لە نووسینێکی وەهادا نەتوانین باسی هەموویان بکەین.

گیانبازانی خۆشناوەتی دوای نسکۆی ئەیلولیش بەردەوام بوون لە بەخشین و قارەمانیەتی و لە دەستپێکی شۆڕشی گوڵان دەڤەری خۆشناوەی دەیان شەهیدی قارەمانی بە کورد و کوردستان بەخشیووە، کە لەدەستپێکی ئەو شۆڕشەشدا شەهید سلێمان بیرێژی لە سنووری قەزای شەقڵاوە تا گەڕانەوەی لقی دوو بەردەوامی بە فراوانبوونی چالاکییەکاندا لە دەوروبەری شێخ وەسانان تا ڕاپەڕین، دەستپێکی ڕزگارکردنی شەقڵاوەش بە خوێنی شەهیدان زرار مەحمود و مام هەژار تۆمار کرا، پاشانیش بەشداری خەڵکی خۆشناوەتی لە ڕزگارکردنی هەموو کوردستان و لە ئاکرێ کە یەکەمین شەهید کەمال عەولاشین بوو, هەر خەڵکی دەڤەری خۆشناوەتی بوو.

هەروەها شەهیدی فەرماندە (خەسرۆ موحمود کاوانی) کە لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە پردێ کە ئەمری پێکرد ئەو شوێنە چۆل نەکات لە وەڵامدا فەرمووی (دەبابەکان ئەگەر لە سەر لاشەی من بڕۆن ئەوکات چۆلی دەکەم) شەهید خەسرۆ کاوانی خاوەنی بەڵێنی خۆی بوو بۆ جەنابی سەرۆك و تا شەهید بوو شەڕی مقاومەتی کرد، هاوکات لە شەڕی دژبە تیرۆریستانی داعش دیسان دەڤەری خۆشناوەتی پشکی شێری اە قارەمانیەتی و گیانبازیدا بەرکەوت و دەیان ڕۆڵەی قارەمانی شەهیدبوون.

جارێکی تریش لە بەرگریکردن و مانەوەی قەوارەی هەرێم، لە ئەنجامی خیانەتەکەی خیانەتی کاڵفامەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا قارەمانانی دەڤەری خۆشناوەتی بەشداری کارایان هەبوو لە شەڕەکانی پردێ و سحێلا، شەهید ئازاد بەرەکەیی یەکێك لەو قارەمانانە بوو کە لەو شەڕەدا گیانی بەختکرد.

بۆیە ئێمەی دانیشتوانی دەڤەری خۆشناوەتی بەردەوام ڕۆڵی بەرچاومان هەبوو لە شۆڕشەکانی کورد و بەدڵنیاییەوە بەردەوامیش دەبین لەسەر خزمەتکردن بە قەوارەی هەرێمی کوردستان لەژێر چەتری جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی.

• بەرپرسی ناوچەی هیران



وون بوون

ناسنامەی فەرمانبەر لە کۆلیژی کارگێری و ئابووری بەناوی سامی علی عبید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی سەلاحەددین ژمارەی پسوولە ٠٦٤١١٣٠ ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٢٤ بەبڕی ١٠٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن دینار بەناوی شێرزاد مصلح عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٨٢٢٧٢ بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی صلاح ابراهیم عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

پۆزش

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر/ ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ ناوەکە هەڵەبوو عزیز محمد عزیز ٥٠٪ وە بەرزان کریم علی محمد ٥٠٪ وە ناوە ڕاستیەکەی عزیز عمر عزیز ٥٠٪ بەرزان کریم علی محمد ٥٠٪ هەڵەی ڕۆژنامەی بووە لەڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە ٦٠٠١ لە ٢٠٢٠/٩/٨ دابەزیوە.

***

فەرمانگەی دادنووسی سۆران

بەروار : ٢٠٢٠/٩/٧

ئاگاداری

داواکار (ئاوارە وەسین حسن) داوای تۆمارکردنی ئەم ئامێرانەی خوارەوەی کردووە بۆ کارگەی لە کیس کردنی خۆراك لە سۆران /گەرەکی وەستا ڕەجەب , ئاکارەکانیان لە خوارەوە دیاری کراون بە پێی تۆماری میکانیکی ژمارە (٣٣) ی ساڵی (١٩٩٨) بڵاو دەکەینەوە هەرکەسێك خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانەی خوارەوە دادەنێ لە ماوەی پازدە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بە ناوی داواکار تۆمار دەکرێت وە بە ناوی دەکرێت .

ئامێرەکان

١- ئامێری چەسپاندنی بچووك/ بۆ کەپسکردنی کیسی مواد/٢٢٠V/ئیرانی/ کارەبایی/E١٢٢١.

٢- ئامێری چەسپاندنی گەورە/ بۆ کەپسکردنی کیسی مواد/٢٢٠V/ئیرانی/ کارەبایی/E١٢٢٢.

٣- ئامێری بالابەر/بۆ بەرزکردنەوەی مواد/ئیرانی/کارەبایی/E١٢٢٣.

٤- ئامێری قەپان/بۆ قەپانکردنی مواد/ ئیرانی /کارەبایی/E١٢٢٤.

٥- ئامێری نوار/بۆ گواستنەوەی مواد/ ئیرانی/کارەبایی/E١٢٢٥.

دادنووسی یەکەم/ ستار علی اسماعیل

***

دادگای باری کەسێتی سید صادق

ژمارە: ١٢٤ / ش / ٢٠١٩

بەروار: ٦ / ٩ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

بڕیار بۆ دراو / حمه فریق عبدالله صالح

بڕیار لەسەر دراو / سهیله فرحان رئع

بۆ بڕیار لەسەر دراو (سهیله فرحان رئع) کە ئێستا نانوێشانت نادیارە وە داوا لەسەر کراو بویت لە داوای ژمارە (١٢٤ / ش / ٢٠١٩) ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕەسمی ڕۆژنامەوە کە لەبەرواری (٢٠٢٠/٧/٢٦) دادگا بڕیاری دا بە (نشوز) بە بێ ئامادەبونی خۆت، بۆیە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا تانە لە بڕیارەکە نەدەیت ئەوا پلەی کۆتایی وەردەگریت بە پێی یاسا.

دادەر / مهربان احمد حسن

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە

پەیوەندیدارەکان

من پارێزەر (ڕۆژگار عبدالله مصطفی) بەپێی کۆنوسی بڕیاری کۆبونەوەی دەستەی گشتی (کۆمپانیای هێڤین بۆ گەشت و گوزار/ سنوردار)) کە لە ڕوژی ٢٠٢٠/٨/٢٥ بڕیار دراوە بە داناتم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکار/ ڕۆژگار عبدالله مصطفی

٠٧٥١١٣١٣٦٣٣

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٧/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٧

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (ئافاهیی خارنگەها گوزاری) لسەر پارچا ئەردی ژمارە (المتروکە -١-) ل کەرتێ (٥٥) باگێرا علیا ب ڕووبەرێ (١٨٥)م٢ و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانیا باگێرا بکەت د ماوێ ١٥ پازدە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنێ دێ هێتە کرن ل سەرۆکاتیا باژێرڤانی یا باگێرا دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٢٠١٥/ش/٢٠٢٠/٥

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (شیڤان کامران عمر) شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار/ هیاس هیمن عمر داوای ژمارە (٢٠١٥/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/١٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٦

ژمارە:٣١٩٨/ش/٢٠١٩/٦

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (عمر سداد علاء الدین)، شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (عایشە گل حسین سعید) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٣١٩٨/ش/٢٠١٩/٦ تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر – گەرەکی ٧ حسارۆك) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١٩) کاتژمێر (٩)ی بەیانی.

دادەر/ مازن مظفر محمد

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٥٢٨/ب/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)

داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا داون تاون) داوای ژمارە (٥٢٨/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی موفتی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/١٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٥٢٧/ب/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)

داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا داون تاون) داوای ژمارە (٥٢٧/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی موفتی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١١) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە

دادەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٥٢٩/ب/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)

داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا داون تاون) داوای ژمارە (٥٢٩/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی موفتی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١١) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە

دادەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ٥٢٤/ب/١/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بیان حسین علی)

داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا داون تاون) داوای ژمارە (٥٢٤/ب/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی موفتی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١١) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە

دادەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٦/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢١٦٠٨/هەولێر-کرێ) جۆری (مازدا صالون) مۆدێل (٢٠٠١) ڕەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (رعد غازی محمد صالح) لەڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٣) کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (٥,٥٠٠,٠٠) دینار.

دادەری یەکەم/دیاری محمد علی

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (B.I.B) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ هوشمند جرجیس برایم

ناونیشان/ هەولێر – باجگر

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٥٥٨٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٧٢٩٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (B.I.B)

بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (B.I.B) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هوشمند جرجیس برایم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٧/٢١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٢٣٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٣٠٦

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خیرات المنافع) بۆ بازرگانی گشتی و جگەرە/سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و بەکرێ دان

ژمارە: ٣٢٣٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەمواركراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:٥٨٩٤/١٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٨

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی موڵك (دوکان ، گەراج ، کارگە) لەم گەرەك و ناوچانەی کەلە خوارەوە هاتووە بەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەوە لە ڕۆژی (١٥) پانزە یەمین لە ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

١- شوێن (گەرەك ، ناوچە) ناوچەی ١٧١ شێخ احمد (پشت فاملی مۆڵ) جۆری بەکارهێنان/ گراج و کارگە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.

٢- شوێن (گەرەك ، ناوچە) ناوچەی پیشەسازی باشوور جۆری بەکارهێنان/ گراج و دوکان و کارگە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.

٣- شوێن (گەرەك ، ناوچە) ناوچەی ١/١ تورەق جۆری بەکارهێنان/ گراج و دوکان و کارگە ماوەی بەکرێدان/ چوار ساڵ.

ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ٤/٢٣٢/كەتن/٢٠٢٠
رێكەوت: ٢٠٢٠/٩/٧
بۆ/سزادراوی بە پاشملە (المحكوم غيابيا) ن ض د م(هێرۆ حسين خدر)
ب/پێراگەیاندنی بڕیاری دادگا
بەپێی بڕیاری دادگاکەمان ژمارە (٤/كەتن/٢٠٢٠) لەبەروای (٢٠٢٠/٨/١٩) سزادراوی بە پاشملە(غيابی) وە لەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە رێگای رۆژنامە فەرمییەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ رادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی، خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمييز) ت هەیە، بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حکومەکەت بە (منزلە الحكم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکەشێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
هاوپێچ
* دهقی بڕیارەکە:
١. سزادانی تاوانبار (ن.ض.د.م/هێرۆ حسين خدر) بە بەندکردنی توند بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە پێی ماددەی (٣٣/یەکەم) لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە ١٩ی سالی ٢٠٠٧ی کارپێکراو پالپشت بە ماددەکانی ٧٦/یەکەم و (٨٢) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠) ساڵی (٢٠٠٧) ی کارپێکراو.
رە سەپاندنی سزای پاشکۆیی (العقوبة التبعية) بەوەدەرنانی (الاخراج) تاوانبار لە راژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی ماددەی (١٧/دووەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٣. پێبژاردنی بەبڕی ١٠,٠٠٠ دە هەزار دیناری عێراقی لە بڕی دوو ناسنامەی سەربازی کە لە ئەستۆی دایە بەپێی ماددەی ٦٢/سێیەم لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە ١٩ی سالی ٢٠٠٧ی کارپێکراو.
٤. ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری (٢٠٢٠/٨/١٩) بەشێوەی پاشملە (غيابی) وەراگەیندرا بە ئاشکرا و شایەنی پەلپ و پێداچوونەوەیە(قابل للاعتراض والتمييز)

***

ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان
من پاریزەر (ئاوات عبدالله سعيد) کە بەپێی کۆنوسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای باهوور ئاسمان بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)) کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٩/١ بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
ئاوات عبدالله سعيد
٠٧٥٠١١١٨١١١

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٨٤ /ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٨ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : مريم يعقوب شيخو
ل دیف داخوازا داواکار(مسعود عثمان کریم) وکێشا ژمارە (٢٨٤ /ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٢٤٩٤) ل (٢٠٢٠/٨/٢٣) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (خامتیر) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر قێ دادگەهێ ل روژا (١٦/ ٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ بان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامەدەبکی و بەروڤاژیا قێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفيق

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە/ ٥٧٦٠/ش٢٠١٩/٢
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٧
جارِدان
بۆ داوالێکراو فراس جبار عباس
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا داوای ژمارە/ ٥٧٦٠/ش٢٠١٩/٢ وە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٥ بریاری دا بە تفریق بسبب هجر بو هاوسەری شیاء داود رشید لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/ گەرەکی ئازادی بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ طارق حسين كريم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە/ ٣/ش٢٠٢٠/٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٨
ئاگادارکردنەوە
بۆ داوالێکراو شادی محمد صادق
/ شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئاماژە بە داوای ژمارە ٣/ش٢٠٢٠/٣ تایبەت بە داواکار کاروان عولا پیروت و داوالێکراو شادی محمد صادق دادگا لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٦ بریاریدا بە پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی لە نێوانتان لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی راپەرین/ سەلاحەدین بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ محی الدين عبدالرحمن مصطفى

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٢٥٦/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/ ٢٠٢٠/٩/٧
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (باسل ملی ملی) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (کیما سالم شیخی) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر قێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیك جودابوون (تفريق للهجر) ژ تە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز شقین وار ستی لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر قێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠٢٠/١٠/١١ ول بەروڤاژی قێ جەندێ دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زيرك محمد صديق عبدالكريم

***

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/٦٠٦/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/٩/٨
بۆ/داوالێکراو (هوكر مصطفى عبدالله)
ب/ ئاگاداری
داواکار (هفال مصطفى عبدالله) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆ تۆمارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکات بری (٥٠,٠٠٠) پێنجی هزار دولار امریکی بۆ بگەرینیەوە کە دەڵێ بە دەستگرتن پێی داوی (قرضه حسنه) وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە روژی (٢٠٢٠/٩/١٤)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێی یاسا
دادوەر / خالد عثمان يوسف

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/٢٣/ت/٢٠٢٠
رێکەفت/٢٠٢٠/٩/٧
پێراگەیاندنی فروشتنی بنبر
ناوی قەرزار (كاميران جيجو يزدين) مولکی ژمارە (٢١٢٣/٣٢) کەرتی ٣١ شاریا) ی ئێوە بە بنبری فروشرا بە بری (٢١٨٠٠٠٠٠) بیست وئیك وهەشت سەد هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاوەن قەرز (محمد سعيد جهور) بە پێی ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین وەکو لە ماوەی (١٠) دەە رۆژ لە دوای رۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (١٠٨٠٠٠٠٠) دەە ملیون وهەشت سەد هزار دیناری بە پێچەوانەوە مولکەکەتی لە سەرەوە دیار بە پێی یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت.
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

محكمة تحقيق سنجار
الموقع البديل في فايده
العدد/١١٤١/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/٩/٨
اعلان عن مفقود
الى المدعوة (ميديا عيدو بسي) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة
القاضي / خالد هويدى وكاع

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار
اعلان
الى المدعو : ادو عيدو قاسم
للطلب المقدم من قبل المستدعي (عيدو قاسم خضر) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / رياض فتحي خليل

***

محكمة المواد الشخصية في سنجار
اعلان
الى المدعو : طارق عيدو قاسم
للطلب المقدم من قبل المستدعي (عيدو قاسم خضر) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / رياض فتحي خليل

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ٧٤٩/ش/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ احمد فوزی اسماعیل
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە بریاری دا لە رۆژی ٢٠٢٠/٩/٨ لە داوای ژمارە ٧٤٩/ش/٢٠١٩ بە (جیابوونەوە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنووری (بنصلاوە) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیێنرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و تۆش مافی پێداچوونەوە و نارەزاییت هەیە لە ماوەی یاسایی دا و بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

خۆپارێزییەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا


دەستەکانت بە سابوون و ئاو بشۆ بۆ ماوەی ٢٠ چرکە


دەست لە دەم و لوت و چاو مەدە


لەکاتی سڵاوکردندا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسدا نەبێت


لەو کەسانە نزیك مەبەرەوە کە هەورکردنی سیبەکان هەیە و تایان دابەزیووە


لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لوتت دابپۆشە


دوای بەکارهێنانی کلێنس ڕاستەوخۆ لەناوی بەرە و دەستت بشۆرەوە


سەوزە و میوەکان جوان بشۆرەوە


خۆت بەدوور بگرە لەبەریەککەوتن لەگەڵ گیانەوراندا


خۆت بەدوور بگرە لەهەموو جۆرەکانی گۆشت


لەکاتی دابەزینی تادا پشوو بدە


بەبەردەوامی ژوورەکان پاك بکەرەوە


سەردانی پزیشك بکە لەکاتی هەستکردن بە کۆکە و پژمینی زۆر لەگەڵ تەنگەنەفەسیدا

شركة أور الدولية للتأمين
UR International Insurance Company

شركة أور الدولية للتأمين (ش. م. خ)

حضرات السادة مساهمي شركة أور الدولية للتأمين المحترمين

م/ إعلان إجتماع الهيئة العامة .

استنادا الى احكام المواد (86) و (87) و(88) من قانون الشركات الرقم 21 لسنة 1997 وتعديلاته وتنفيذا لقرار مجلس الإدارة المرقم (4) و المنعقد بتأريخ 2020/09/08 .

يسرنا دعوتكم لحضور الاجتماع السنوي للهيئة العامة الذي سينعقد في مركز ادارة الشركة الكائن في شارع محطة ، حي زانياري في تمام الساعة الحادية عشر من قبل ظهر يوم الخميس الموافـــق 2020/10/01 للنظر في جدول الاعمال الاتي :

1. مناقشة تقرير ادارة الشركة لعام 2019 والمصادقة عليه .
2. مناقشة تقرير مراقب الحسابات والمصادقة على الحسابات الختامية للشركة لعام 2019 .
3. توزيع ارباح عام 2019 على المساهمين .
4. تعيين مراقب لحسابات الشركة لعام 2020 و تحديد اجوره وفقا للتعليمات والمصادقة عليه .
5. إبراء ذمة رئيس وأعضاء مجلس إدارة الشركة و المدير المفوض لعام 2019 .
6. انتخاب خمسة أعضاء لمجلس الإدارة و خمسة أعضاء احتياطيين جدد.
7. الاطلاع على محاضر اجتماعات مجلس إدارة الشركة حتى تاريخ انعقاد الهيئة العامة و إقرارها.
8. أية أمور أخرى تراها الهيئة العامة مناسبة.

راجين حضوركم شخصيا في الزمان والمكان المعينين أعلاه او من ينوب عنكم من المساهمين بموجب صكوك الانابة التي يمكن الحصول عليها من ادارة الشركة. او الغير بموجب وكالة مصدقة من كاتب العدل مع ابراز شهادة الاسهم الاصلية بموجب المادة (91) و المادة (94) من قانون الشركات على ان تودع الانابات والوكالات لدى الشركة قبل ثلاثة ايام على الاقل من موعد الاجتماع.

مع جزيل الشكر و التقدير.....

عزالدين بحمد عبدالله
رئيس مجلس الادارة

Regulated by Iraqi Insurance Diwan, Ministry of Finance Baghdad-Iraq
Opposite Shanadar Park, Mehata Street, Zaniary Quarter- Erbil - Kurdistan Region- Iraq. Tel: +964 750 890 9007, +964 750 890 9008
P.O. Box: 0112-62-Arbil-Iraq Email: ur@uriic.net Website: www.uriic.net

کوژەر

لەنێوان فەلسەفەو سینۆگرافیادا





حەیدەر عەبدولڕەحمان

هەموو پێکهاتەو ڕەگەزەکانی شانۆ لەپێناو بەرجەستە کردنی ئامانج و فەلسەفەی نمایش دروست بوونە، بۆیە هەرکات نمایش ئەو ئامانجەی لەدەست دا کە دەبێتە کرۆکی نمایش، ئەوە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە بەشێوەیەکی هەڕەمی دەڕوخێن ..

من ناڵێم ئومێد کەمال ـ ی دەرهێنەر لەشانۆیی (کوژەر) ئەو توخمە بنەڕەتیەی شانۆی لە دەست داوە، بەڵام بەلای منەوە، بەئاراستەیەکی دروست بەکاری نەهێناوە کە ئامانجە سەرەکیەکە بپێکێنی، ئەویش ئەو دڵ ڕەقی و سوکایەتیە پێ کردنەی پیاوە بەرامبەر بە ئافرەت، یان گەمەی ئەهریمەنانەی پیاو بۆ فریودانی ئافرەتو لەخشتە بردنی، تا ئەو شوێنەی ئافرەت تێیدا دەبێتە قوربانییەکی نرخ هەرزان لەکۆمەڵگادا .

ئەگەر ئێمە لەشانۆدا ئافرەتمان وەک کائینێکی ناهوشیارو سادەو ساکارو ساویلکە نیشاندا کە بەئاسانی بکەوێتە داوی پیاوی بازرگان بەخۆشەویستی و بەشەرەف و ئینسانیەتی ئافرەت، ئەوە بەمانا ئێمە دەچینە پاڵ کۆمەڵگایێکی ستەمکار لەدیدو پێوەر و بۆچوونَدا، کە ئافرەت بەکائینێکی کەم ئەقڵ و لاوازو بێ دەسەڵات لەقەڵەم بدات، بەڵام خۆ وەزیفەی ئێمە لەشانۆدا پشت ڕاست کردنەوەی ئەو هاوکێشە چەوتە نیە کە کۆمەڵگا هەیەتی بەرامبەر بەئافرەت، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە نالۆژیکیەیە، بەو ئامرازانەی لەشانۆدا بەردەستن، بۆیە ئەوەی ئێمە لەکاراکتەرە کچەکەی (بکوژدا) بینیهان هەمان ئەو لۆژیکە سەرەو ژێرەی کۆمەڵگایە، نەک ئەوەی ئێمە لەشانۆدا چاوەڕوانی دەکەین.

هەرچەند لەکۆتایی نمایشدا دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دا کچەکە بەئاگا بێنێتەوە و یاخی بێت و نەچێتە ژێر باڵی هەڕەشەو وێستە ئەهریمەنیەکانی پیاو بۆ بازرگانی کردن بەشەرەف و کەرامەتی وێڕای هەموو مەترسیەکان، بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی ئەو ساویلکەیی و کەم ئەقلیەی کچەکەی گەیاندە کەنارەکانی کۆتایی و ڕووتکردنەوەی لەهەموو ئەو پیرۆزییانەی هەیبوو،

پاشان ڕووبەڕووبوونەوەی کچە غەدر لێکراوەکە لەگەڵ پیاوێک کە چارەنووسی ڕەش کردو گەیاندی بەوئەو کۆتاییە تاڵە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بوێرانە نەبوو، بەڵکو ڕادەست بوون بوون بوو بەناکامی، کە تێدا جگە لەفرمێسک و گریان نەبێت، نەیتوانی هەلوێستێک نیشان بدات کە ئەو کاراکتەرە لەو لاوازی و نەهامەتیە رزگار بکات.

من نازانم دەرهێنەر بۆ ئەو کاراکتەرەی ئەوندە پەڕپووت و بێ دەسەڵات کردبوو، کە ببێتە مایەی بەزەیی پێ هاتنەوە؟

هەموو ئەوانە بەلگەی نیشاندانی ناهوشیاریی ئافرەتی ئێمەیە لەکۆمەڵگادا، بەڵام ناکرێت لە هەلومەرجێکا شانۆ فاکتەر بێت بۆ گۆڕانی پرنسیبە کۆمەڵایەتیەکان، کەچی بەشانۆ ئافرەت لەبەها فکری و ڕۆشنبیرییەکانیدا داچۆرێنین .

بەگشتی هەڵسوو کەوت کردنی دەرهێنەر لەگەڵ واقیع دا، هەڵسووکەوتێکی ئیجگار دەقاو دەقە و نەیتوانیووە بۆچوون و ئایدیای تایبەتی خۆی لەو واقیعە تاڵەدا جودا بکاتەوە، کە بینەر دووچاری بێ ئومێدی نەکات بۆ ئایندەی ئافرەت لەکۆمەڵگای ئێمەدا .

تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی دراميش لە کۆتاییدا بەدەست پێکردنەوەی سەرەتایەکی دیکە بۆ تاوانکاری لەلایەن پیاوەوە دەست پێ دەکاتەوە، بۆئەوەی هەمان تراژیدیا دووبارە بکاتەوە، بەمەش جارێکی دیکە هەرپیاو دەخاتەوە نێو قەفەسی ئیتیهام، بەرامبەر بەهەموو ئەو تاوانە تۆندو تیژیانەی دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت، بەڵام بینەر ئەوە بەچاوی خۆیەوە دەبینێت کە بەشێك لەفاکتەرە یاریدەدەرەکانی تاوانەکانی پیاو دەرهەق بە ئافرەت، هەر ئافرەت خۆیەتی .

لەدوا دیمەندا دەرهێنەر بەدیمەنی کوشتنی کچەکە لەلایەن باوکییەوە (دوای بڵاوکردنەوەی ڤیدییەکی حەیابەری کچەکە لەلایەن دۆستی کچەکەو دووبارە پەیوەندی کردنی بەئافرەتێکی تر بەهەمان شێوەی پێشوو) دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەو تراژیدیا تاڵانەی ئافرەت بەردەوامن و بە قوربانیەك و دووان و سیبیان کۆتاییان نەهاتووە، هەتا ئەقڵیەتی ئەو کۆمەڵگایە بەئافرەتیشەوە نەگۆڕێت، ئەو نەزیفەی ئافرەت هەر بەردەوام دەبێت.

دەرهێنەر ستایلێکی واقیعی بۆ هێڵی درامی نمایشەکەی هەڵبژاردبوو، بەتاییەت لەنواندندا، زۆر بۆشایی گەورەی لەسینۆگرافیای نمایشەکەدا بەجێ هێشتبوو، لەموزیك و ڕووناکی و دیکۆردا، بەکارهێنانی سکرینیش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ بە زیندوو ڕاگرتنی ریتمی نمایشەکە، لەگەڵ گوێ گرتن لەگۆرانیەکانی نێو ئۆتۆمبیلیش نمایشەکەی بەئاراستەی درامای تەلەفزیۆنییەوە دەبرد،

بەگشتی ئەو بۆشاییانەی هەبوون ریتمی نمایشەکەیان خاو کردبۆوە، ڕاستە کەئەکتەر سەرچاوەیەکی بنەڕەتی سینۆگرافیایە لەشانۆدا، بەڵام دەرهێنەر ناتوانێت، تەنیا ئەکتەر بکاتە ئەلتەرناتیف، بۆشوێن گرتنەوەی سینۆگرافیا، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ونبوونی ڕەگەزی بوو لەن مایشەکەدا.

دیارە کە داینەمۆی ڕاگرتنی ریتم تەنیا بەبەرجەستە کردنی توخمەکانی وروژاندن دەستەبەر دەبێت، ئێ خۆ ئەرکی نمایش خوێندنەوەی کتێبێك نیە تەنیا فەلسەفەیەکت پێ ببەخشێت، بینەر بۆ ئەوە دێتە شانۆ چیژ لەڕەگەزەکانی سینۆگرافیا وەربگرێ، ئەگەر نەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییە، هەست ناکات هاتۆتە شانۆ، بۆیە دەرهێنەر دەبێت دەسەڵاتی ڕاگرتنی هاوسەنگی هەبێت لەنێوان تێکست و سینۆگرافیادا .

لەدیکۆردا هەوڵێك هەبوو کە ڕەنگ بۆ هەندێ هێماو دەلالاتی فەلسەفی و ڕەمزی بەکار بێنێ، هێمایەکی گوزارشت بەخش ببەخشێت بەو ڕەنگە ڕەشو سپی و ڕەنگە سوورانەی لە فەزای شانۆو سەرتەختەی شانۆو جلوبەرگەوە دابەش ببوون، وەك هێمای ڕەنگی سپی بۆ پاکیزەیی و بەرائەتی ئافرەتەکەو هێمای ڕەنگی ڕەش بۆ ئەو دیدو دڵە ڕەشانەی دژ بە ڕەنگە سپیەکەن و و ڕەگی سوور بۆ ئەو تاوان و بڕێیەی دەرهەق بە ئافرەت دەکرێن، بەتایبەت لە شەوی سووری ئەنجامدانی تاوانی هەتك کردنی کچەکە کە یەکێك بوو لەدیمەنە هەرە جوانەکانی نمایش . دەرهێنەر بۆ بەرجەستە کردنی فەلسەفەی نمایشەکەی هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەکتەر، وەك داینەمۆی ریتمی نمایشەکەی و بەرجەستە کردنی دوو کاراکتەری ژن و پیاو، پیاوەکە (جەلال محەمەد سێدەری) لەڕووی شێوەو ڕوخسارەوە لەگەڵ کاراکتەرەکەی خۆی دەگونجێت و توانی ڕق لای بینەر دروست بکات، ڕق لێبوونەوەش بەمانای وروژاندنی بینەرە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەڵام لە ڕووی ئەداو پیر فۆرمانسەوە ڕۆڵەکەی خۆی تێر نەکردو لە ئەکشن و ئیلقادا کەمێك پەلە پرووزێیی پێوە دیار بوو، کە هەندی جار دەبووە تەوژمێك بۆ لاوازبوونی کاراکتەرەکە .

ڕۆڵی ئافرەتەکە لەلایەن (بێگەرد حەمە سەلیم)ەوە دەبیندرا، کە خاوەنی توانستێکی سروشتی هاوسەنگ بوو، بەپێی خواستی ڕوداوو ریتمی دیمەنەکان ڕەفتاری دەکرد، بەرائەت و سادەیی پێوە دیاربوو، توانی وێنەیەکی گونجاو نیشان بدات لەگەڵ کاراکتەرەکەی، وەك وێنەیەکی دەقاودەقی هەموو ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوانەی دەبنە قوربانیی، توانی بەنواندنە سروشتیەکەی بینەر بوروژێنێ و ببێتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی ڕاگرتنی نمایشەکە، هەم لەڕووی ریتم و هەم لەڕووی چیژ بەخشینیشدا، بەڵام دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرابوو، کاراکتەرەکەی خۆی لەو لاوازی و دەستە پاچەییە رزگار بکات و ببکات بەکاراکتەرێکی بەهێز، ئەمە لەکاتێکا کە گەلێك دەرفەتی لەبار هەبوون بۆ ئەوەی هەم ئەو کاراکتەرە ـ کە هێمای ئافرەتی کوردبوون بەهێزتر کات، هەمیش ئاراستەی فەلسەفەی نمایشەکەی بۆ بەرژەوەندی ئایندەی ئافرەتی کورد بشکێنتەوە.



دایکی خەمبار

بنوە ئازیزەکە
بێ دوودڵی
بێ نیگەرانی
بێ ترس
ئەگەرچی ڕۆحم توانای خەوتنی نەماوە
ئەگەرچی تام و چێژی ئارامیم لێ بڕواوە
بنوە، بنوە
ڕەنگبێ لە شەو
چرپەکانت ناسکتر بن لە پەلکی گیا
ڕەنگبێ جەستەم لە ڕۆحتا شاد بێ
ڕەنگبێ دوو دڵی و
نیگەرانی و
ترسەکانم بڕەونەوە
ڕەنگبێ هەڵلەرزێنم کۆتایی بێ و
چاوەکانم بچنە خەو
دڵم ئارام ببێ
ڕەنگبێ ...ڕەنگبێ...!!!

دارستانی سنۆبەر


ڕێگامان بدە گەشتێك،
بۆ ناو دارستانی سنۆبەر بکەین
بە دریژایی گەشتەکە
دار سنۆبەرەکان بە ڕوومانداا تیژ تێدەپەڕن
لەوێ دەوەستم
تۆ پێشکەش بە دارستانەکە دەکەم
بەڵام ئەو ناتوانێ
بۆ تۆ بچەمێتەوە..
شەو، سانسۆرە بەسەر هەموو بونەوەرەکانی
جگە لە دارەکانی سنۆبەر نەبێت
ئەوان ناگۆڕێن
ئەوان سەرچاوەی هەڕەمێکی زامدارن
دڵیان هەمیشە
بۆ ئێوارە ئەبەدییەکان لێدەدات..
ئەگەر دار سنۆبەرەکان
ناتوانن بۆت کڕنۆش ببەن
بەڵام لەگەڵ خۆیاندا
لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دیکە هەڵتدەگرن
دار، دار پێیدا تێدەپەڕن
لە باسکێکەوە بۆ باسکێکی تر
هەر وەك منداڵ
لە ئامێزی باوکێکەوە
بۆ باوکێکی تر غار دەدات

دوو چامەی گابریلا میسترال

بۆتان جەلال

* گابریلا میسترال ئافرەت شاعیرێکی ناوداری وڵاتی شیلییە. ساڵی ١٨٨٩ لە گوندێکی بچووکی ڕێزە چیاکانی ئیندیز لە دایکبووە، خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لای خوشکەکەی کە مامۆستای گوندەکەیان بووە، دەستپێکردووە، باوکی مامۆستا بووە و حەزی لە نووسینی شیعر بوو، گابریللا ژیانی منداڵیی بە هەژاری بەسەر بردووە، هەنگاوەکانی یەکەمی هاتنە ناو دنیای ئەدەب بە تایبەتیش شیعر لە ساڵی ١٩٠٩ هەڵهێناوە. ڕووداوی خۆکوشتنی دەستگیرانەکەی کە کرێکار بووە لە یەکێك لە وێسگەکانی شەمەندەفەر، هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ تەقینەوەی ناخ و دەروونی ئەو شاعیرە. ساڵی ١٩١٤ یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناونیشانی (هۆنراوە بۆ مردوویك) بڵاوەکاتەوە. لە ڕێگای ئەم کۆمەڵە شیعرەوە لە وڵاتەکەی وەك شاعیرێکی بە توانا دەناسرێت، ساڵی ١٩٢٢ دووەم کۆمەڵە شیعر بە ناوی (خەمباری) چاپ و بڵاو دەکاتەوە، ناوبانگیەکەی بە هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین بڵاو دەبێتەوە. ڕەخنەگران بایەخێکی زۆر بە بەهرە و توانستەکانی دەدەن و لەسەری دەنووسن، لەلایەك کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا و گرفتە تایبەتیەکانی خۆی و لەلایەکی دیکە خەمی هەژار و نەدارانی وڵاتەکەی دەبنە هەوێن بۆ نووسینی شیعری تازە و سەرکەوتووەکانی. لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢ لە فەرەنسا و ئیتاڵیا وەك ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ ژیان بەسەر دەبات و لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت، ساڵی ١٩٤٣ کچێکی خۆی دەکوژێ و ئەو ڕوودداوە کاریگەری خراپ بەسەر باری دەروونی و جەستەیی جێدەهێڵێ. ساڵی ١٩٤٥ خەڵاتی نۆبل بە شایستەییەوە وەردەگرێت، دەبێتە یەکەم ئافرەت لە ئەمریکای لاتینی و پێنجەم ئافرەت لە جیهان کە ئەو خەڵاتە بەدەست بهێنێ. بەهۆی قورسی باری ژیای لە تاراوگە و نەخۆشکەوتنی، ساڵی ١٩٥٧ لە نیۆیۆرك گیان دەسپێرێت و جەستەکەی بۆ شیللی دەگوازرێتەوە و بە سەدان هەزار کەس لە ڕێورەسمی ناشتنی ئامادە دەبن.










عێراق
لە سەردەمی حکومڕانیی کازمیدا





محەمەد کەمال

لە دوای دەستبەکاربوونی مستەفا کازمی وەك سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق ، چەندین گۆڕانکاری لە عێراق ڕوویانداوە هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لەسەر ئاستی دەرەکیش،بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە بوونەتە جێی بایەخی ناوەندەکانی بڕیار ، هەر لە وڵاتە زلهێزەکانەوە بگرە تا دەگاتە وڵاتە گەورە و مامناوەندەکانیش،هەربۆیە کازمی هەر زوو بەرنامە سیاسییەکەی خۆی ئاشکرا کرد کە دەیەوێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق بکات،هەر بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا چەندین سەردانی فەرمی ئەنجام داوە بۆ وڵاتانی (سعودیە-ئێران-ئەمریکا).

هەڵبەتە لەو کاتەی مستەفا کازمی بۆتە سەرۆکوەزیرانی عێراق لە هەڵسوکەوتە سیاسییەکانیدا بۆمان دەرکەوتووە کە کازمی دەیەوێت جیاوازتر لە سەرۆکوەزیرەکانی پێش خۆی لەسەر شانۆی سیاسی عێراق دەربکەوێت،بێگومان کازمی دەیەوێت دووبارە خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ ڕۆڵی عێراق بکرێت لەسەر ئاستی ناوچەکە،واتە دەبێت سەروەریی عێراق بە شێوەیەکی ڕەها پارێزراو بێت،عێراق پاشکۆی هیچ وڵاتێکی تر نەبێت،بە واتایەکی تر ،عێراق خۆی خاوەن بڕیاری خۆی بیت و بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی وڵاتانی تری ناوچەکە.

ئەڵبەتە کازمی لە سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا جیاوازتر لە سەرۆکوەزیرانی پێش خۆی پێشوازی و پشتیوانی لێکرا لەلایەن ئیدارەی ترامپ، ئەمەریکا پشتیوانیی خۆی بۆ کازمی نیشاندا بۆ پاراستنی سەروەریی عێراق،بێگومان ئەم پشتوانیە سیاسییەی ئیدارەی ترەمپ بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق وا دەخوێنرێتەوە کە عێراق بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا،هەروەها واتای ئەوە دەگەیێنێت کە هیچ وڵاتێك بۆی نیە سەروەریی عێراق پێشێل بکات یان دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراقیەکان وەربدات،بۆیە ئەم جموجۆڵە دیپلۆماسیانەی مستەفا کازمی و دیدارە دیپلۆماسیەکانی لە هەریەك لە وڵاتانی سعودیە و ئێران و ئەمەریکا وا شیکردنەوە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە مستەفا کازمی دەیەوێت دووبارە سەر لەنوێ ڕۆڵی عێراق لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەکە بکێشرێت و پێگەی سیاسی عێراق لەسەر ئاستی ناوچەکە بگەڕێتەوە. لەلایەکی ترەوە سەردانی ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بە تایبەتی کاردانەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، هەڵبەتە ماکرۆنیش هاوشێوەی ترەمپ پشتیوانی و پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی کازمی دەربڕی،هەروەها جەختیشی لەسەر پاراستنی سەروەریی عێراق کردەوە کە نابێت لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە پێشێل بکرێت،ئەگەر لە نێزیکەوە سەیری ئەم پشتیوانیەی هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و فەرەنسا بکەین بۆ عێراق بەتایبەتی جەختکردنەوە لە سەروەریی عێراق دەچێتە خانەی سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە لە کاروباری ناوخۆی عێراق،بەتایبەتی دەستوەردانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە هەردوو دەوڵەتەکە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن،هەرچی ئێرانە لە ڕێگای گرووپە شیعەگەراکان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراق ، لەلایەکی تریشەوە تورکیا بەردەوام لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە سنوری عێراق دەبەزێنێت و کردەوەی سەربازی لەناو خاکی عێراق ئەنجام دەدات، هەروەها هۆکارێکی تری دەستێوەردانی ئەم دوو دەوڵەتە (تورکیا و ئێران) لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ خراپی سیستەمی حوکمڕانی ئەم دەوڵەتە، بێگومان ئەم پاڵپشتیەی کازمی بەدەستی هێناوە لەلایەن ئەمەریکا و ئەوروپاوە خوێندنەوە و شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەتی هاتنە پێشەوەی زیاتری فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی تریش لە سەردانیکردنی بۆ لوبنان و عێراق ئەمە بەبێ پلان و بەرنامە نەبووە،هەڵبەتە ئەم جموجۆڵە دیپلۆماسیانەی ئەمەریکا و فەرەنسا بە دڵی تورکیا و ئێران نیە، کاریگەری دەخاتە سەر باڵادەستی و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە،بێگومان ئەمەش بەبێ کاردانەوە نابێت لە ئێستاوە دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕایانگەیاند کە سنووردار بۆ فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێن و هەروەها ئێرانیش بەهەمان شێوە بێ هەڵوێست نابێت و هەموو هەوڵێك دەدات بۆ شکستهێنان و ڕێگری کردن لە هەوڵ و پلانەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، هەروەها لە ناوخۆی عێراقیشدا پارت و لایەنە شیعەکان دژی سیاسەتەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا دەوەستنەوە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراقدا،چونکە مانەوەی گرووپ و پارتە شیعەکان لە دەسەلاتدا گرێ دراوە بە پاڵپشتی ئێران بۆیان، بۆیە بەبێ پاڵپشتی ئێران ئەوا ناتوان لە پرۆسەی دەسەڵات بمێننەوە.

هەروەها پلان و بەرنامەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش لە عێراق بەبێ هەڕێمی کوردستان سەرناگرێت، دەبێت کوردیش ڕۆڵ وپێگەی خۆی تێدا هەبێت،لەم سونگەیەوە دەبێت کورد زۆر بە باشی و بەپلان و بەرنامە بچێتە پێش بۆ ئەوەی هەموو مافە دەستوورییەکانی لە ناوخۆی عێراق بەدەست بهێنێت و پێویستە لەم قۆناغە سەختەدا سەرکردایەتی کورد بە ڕۆڵی گەورەی خۆی هەڵبستێت و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکان بخاتە پێشەوەی بەرژەوەندیە لاوەکیەکان.



مانشێت




ئیندیپیندینت:
جارێکی دیکە و بە مەبەستی دەستلەکارکێشانەوەی لۆکاشینکۆی سەرۆکی وڵات ، سەدان هەزار کەس لە مینسکی پایتەختی بیلاروسیا هەڵڕژانە سەر شەقام.




سپوتنیک:
وەزارەتی تەندروستی ڕووسیا ڕایگەیاند لەم یەك دوو ڕۆژەدا بڕی یەکەمی ڤاکسینی دژە کورۆنا بەسەر ناوچەکانی وڵات دابەش دەکرێ.



سکای نیوز:
تیمەکانی ئاگرکوژاندنەوە ڕایانگەیاند ئاگرەکەی کالیفۆرنیا کۆنترۆل نەکراوە و تا ئێستا زیاتر لە 8 هەزار مەتر چوارگۆشە سووتاوە.



ڕۆیتەرز:
بە تۆمەتی ئەنجامدانی هێرشی چەکداری بۆ سەر یانەیەکی شەوانە لە ئەستەنبۆل و کوشتنی 39 کەس لە سەری سااڵ ، دادگایەکی تورکی سزای بەندکردنی تاهەتایەی بەسەر ئەنجامدەرەکەدا سەپاند.




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سوپای چین سەربازانی هیندی بە تەقەکردن لە خاڵێکی سنووری نێوانیان تۆمەتبار کرد.



کەنالی ئار تی:
چەند سەرچاوەیەك باس لەوە دەکەن کە ترامپ لە مارك ئەسپری وەزیری بەرگری ڕازی نیە و بە نیازە دووری بخاتەوە.

لیڤاندۆفسکی

بەشداری ئاهەنگی لەدایک بوونی گەنجێکی کورد دەکات





خەبات: هاوار مورتکەیی

لیڤاندۆفسکی ئەستێرەی دیاری هەڵبژاردەی پۆڵەندا و یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە وڵاتی پۆڵەندا بەشداری ئاهەنگی لەدایک بوونی گەنجێکی کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە دەکات و وێڕای پیرۆزبایی و هیوای دوارۆژێکی گەش بۆ ئەو گەنجە کوردە دەخوازێت.

لیڤاندۆفسکی کە رۆڵێکی دیاری هەبوو ئەمساڵ یانەکەی ناسناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ بەدەست بهێنێت،

بەلایڤێکی راستەوخۆ بەشداری لە ئاهەنگی لەدایکبوونی ئارام زیاد رەئووف دەکات و بەلایڤە لەناکاوەکەی هەمووان تووشی شۆك دەکات و سڵاو لەئامادەبووان دەکات، زیاد رەئووف کە نوێنەری حکومەتی هەریمی کوردستانە لە وڵاتی پۆڵەندا لە لێدوانێکی تابەت بە لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات رایگەیاند و گوتی: لیڤاندۆفسکی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئارامی کوڕم هەیە و هاوڕێی یەکن، هەروەها گوتی: کاتێك ڕێورەسمی ئاهەنگی لەدایکبوونمان بۆ ئارام ڕێکخست، لیڤاندۆفسکی لە ئەڵمانیا بوو نەیتوانی ئامادەی ڕێورەسمەکە بێت، بەڵان لەناو ئاهەنگەکەدا راستەوخۆی بەدەنگ و وێنەوە پەیوەندی بە ئارام دەکات و پیرۆزبایی رۆژی لەدایك بوونی دەکات و لەهەمان کاتیش هیوای دوارۆژێکی سەرکەوتووی بۆ دەخوازێت.

لەکاتی پەیوەندییەکەشدا کە بۆ ئەوان سوپرایز بوو، ئامادەبووان بە چەپڵەو ماچەوە پێشوازییان لە پەیوەندییەکەی لیڤاندۆفسکی کرد و ئاهەنگەکەی جوانتر کرد.

دوو یاریزانی مان سیتی تووشی کۆرۆنا بوون


بەرشلۆنە دەستبەرداری کۆتینهۆ نابێت

ئەستۆن ڤێللا و مانچێستەر یونایتد بەرامبەر یانەی بێرنلی کە بڕیار بوو رۆژی 11 ی ئەم مانگە بەڕێوە بچێت، بەڵام دواخرا، بەڵام شەممەی داهاتوو یاریبەکانی دیکە بەڕێوەدەچن کە گرنگترینیان یاریی نێوان یانەی لیڤەرپوول و یانەی لیدزیونایتدە.

سولین سلێمان

یانەی مانچێستەرسیتی ئینگلیزی لە بەیانامەیەکی فەرمیدا بڵاویکردۆتەوە کەوا هەردوو یاریزان ریاز مەحەرەزی جەزائیری و ئیمریك لاپۆرتی فەرەنسی توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە ، ئەگەرچی هیچ نیشانەیەکی ئەو پەتایەیان لەسەر بەدەرنەکەوتووە، بەڵام لە ئێستادا هەردوو یاریزانەکە لە کەرەنتینەدان، هەر بەو هۆیەشەوە لە رکابەرییەکانی وەرزی نوێی پریمەرلیگدا یاری هەردوو یانەی مانچێستەر ستی بەرامبەر یانەی بەگوێرەی ئەو هەواڵەی رۆژنامەی مارکای ئسپانی بڵاویکردۆتەوە، رۆنالد کومانی راهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دەیەوێت قیلیپی کۆتینهۆ بۆ وەرزێکی دیکە لە کەتالۆنیا بمێنێتەوە.

کۆتینهۆ ماوە خوازرەوەکەی لەگەڵ یانەی بارن میونشن بەسەرکەوتوویی تەواو کرد و توانی رۆڵی هەبێت لەوەی یانەکەی ناسناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنێت، ئاستەکەشی بووە مایەی سەرنجی کومان و داوای کردووە لە یانەکەیدا بمینیتەوە، لەبەرامبەریشدا هەروەك رۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە ئەو یاریزانە هیچ داوایەکی لەسەر نییە و بۆیە یانەی بەرشلۆنە لاری نییە لەمانەوەی کۆتینهۆ بۆ وەرزێکی دیکە.







ئیڤرا: ئەگەر رۆنالدۆ میوانداری کردن تکاتان لێ دەکەم نەچن

پاتریك ئیڤرای یاریزانی پێشووی یانەی ماتچستەر یونایتدی ئینگلیزی ئامۆژگاری هەمووان دەکات کە ئەگەر کریستیانۆ رۆنالدۆ دەعوەتی نان خواردنی کردن، بەهیچ شێوەیەك نەچن و ئەم دەعوەتە قبول نەکەن.

ئیڤرا دەڵێت جارێکیان کریس دەعوەتی کردم، پێم وابوو خوانێکی لەسەرخۆ و خۆش دەبێت، بەڵام کەچوویتە سەر سفرە چیم بینی، تەنها سەلاتە و چەند هێلکەیەکی مریشك لەگەڵ ئاو، زۆر سەیرم هات چونکە سفرەکەی رۆنالدۆ بەس ئەمەندەبوو، کە دەستمان بەخواردن کرد، نەیهێشت بە ئیسراحەت نانەکەش بخۆم یەکسەر گوتی هەستە بابڕۆین راهێنان بکەین، گوتم با نانەکە بخۆین، گوت نا بەسە دوای راهێنان مەلەوانیش دەکەین.

هەروەها ئیڤرا بە پێکەنینەوە گوتی: ئامۆژگاریتان دەکەم دەعوەتی رۆنالدۆ قبول نەکەن، سفرەکەی نان خواردنی ئەوە نییە کە پێشبینی دەکەن، دواتریش زۆر بەخرایی نان دەخوات.

جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ون دەبێت

ئەحمەد شوبیری راگەیاندکاری پەناوبانگ رایگەیاند کە جامی نەتەوەکانی ئەفرقیا لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی میسری دیار نامێنیت و کەس نازانێت ئەو جامە ئێستا لای کێیە؟

شوبیر دەڵێت: لەکاتێکدا کە یەکێتی تۆپی پێی میسری خۆی ئامادەدەکات بۆ یادی 100 ساڵەی دامەزراندنی و هەروەها کردنەوەی مۆزەخانەیەك بەم بۆنەوە، لەناکاو دەبینرێت کە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا دیار نەماوە، کە میسر خاوەندارێتی کردووە کە 3 جار لەسەر یەکتری ئەو جامەی بردۆتەوە لە ساڵانی 2006،2008،2010.

شوبێر کە پێشتر گۆڵچی هەڵبژاردەی میسر بووە دەڵێت: لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە و لە سەرەتای کردنەوەی ئەم دۆسیەدا دەرکەوتووە کە جامەکە لای ئەحمەد حەسەنی کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی میسرە، بەڵام ئەو ئەوە ڕەتدەکاتەوە لای ئەو بێت، بۆیە ئێستا چارەنووسی ئەو جامە نادیارە.

خانمە شەترەنجزانێکی ڤەنزوێلا لە دیمانەیەکی خەبات دا..





ڤانیسا مۆنسێرات زەکەریا Vanessa Monserrat Zacarias خانمە شەترەنجزانێکی وڵاتی ڤەنزوێلایە لە ساڵی 2000 لە دایک بووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی دژواری دە وڵاتە، لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارە دەبن و لە ئەرژەنتین دەگیرسێنەوە، ئەم خانمە شەترەنجزانە دووبارە لە ئەرژەنتینەوە دەست بە یاری شەترەنج دەکاتەوە، بەشداری چەندین پاڵەوانێتی لە ئاستی دەرەوەو ئەمریکای باشوور کردووە، تێرۆانینێکی



رووەن و جوانی بۆ شەترەنج هەیە و پێی وایە کە ئەو وەرزشە زۆر لەوە گەورەترە کە وەک یارییەک بەتەنها سەیر بکرێت، للاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامداوە:

خەبات: هاوار مورتکەیی

ڤانێسا مۆنسێرات:
شەترەنج زۆر لەوە گەورەترە کە وەک یارییەک بەتەنها سەیر بکرێت

*چۆن بوو شەترەنجت وەک وەرزشێک هەڵبژارد؟

-حەزم دەکرد شەترەنج دەستنیشان بکەم، چونکە وەرزشێکی دینامیکیە و بەردەوام فێری شتی تازەت دەکات، ئێمە هەموو شتەکان نازانین، بەڵام شەترەنج یارمەتیدەرت دەبێت و وەرزشێکی نایابە، بەشێوەیەک جیاواز شتەکانت نیشان دەدات.

*لە چ ساڵێک بەفەرمی ئەو یارییەت کرد؟

-لە ساڵی 2010 کە ئەوکات تەمەنم تەنها 10 ساڵان بوو، بۆیەکەم جار بەشداری پاڵەوانێتییە کی نیشتمانیم کرد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لە بەرازیل بوو ڕێک لە ئاراکاگۆ لە ساڵی 2014 کە پاڵەوانێتی قوتابخانەکانی ئەمریکای باشوور بوو، تا ئێستا ئەنجامەکانم لەئاستی پیویست دا نەبوونە، ئەویش بەهۆی دابڕانم لە ڕاهێنان و یاریکردن.

*لەبردنەوەدا چ هەستێکت لا دروست دەبوو؟

-گرنگیی یاری شەترەنج لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەرکاتێک یاریدەکەیت، سەربازی ئەنجامەکەی چ بردنەوە یان دۆڕان، بێزارت ناکات، هانت دەدات یارییەکی دیکە بکەیتەوە، فێرە بەردەوامبوونت دەکات، شەترەنج لەوە گەورەترە کە تەنها وەک یارییەک سەیر بکرێت.

*خەونی تۆ چی بووە؟ ئایا خەونەکەت هاتۆتەدی؟

-هێشتا خەونی من نەهاتۆتەدی، حەزەکەم بەشداریەکانم فراوانتر بکەم، هەروەها زیاتر یاریی بکەم، لەشەترەنجدا پێم وایە سەختە بەخەونەکانت بگەی، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئامانجێکی گەورەتر هەیە کە دەتەوێ بیهێنییە دی، من خەونم زۆرە لەگەڵ شەترەنج، کە هەندێک جارێ کاتی نییە بێتەدی، بەڵام لەهەر بەشداریەکدا حەون و حەزێکت هەیە کە پێی بگەیت.

*شەترەنج لە ژیاندا چی پێ بەخشیوی؟

-شەترەنج زۆر شتی لە ژیان پێ بەخشیوم، لە ڕووی بنەماوە ئەو توانایە پێ بەخشیم کە هەمیشە گەشبینم بم لە هەڵبژاردنی گونجاوترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕۆژانە لە ژیان ڕووبەڕووت دەبنەوە، ئەزموونی زۆر جوانی نیشانداوم، سەتان هاوڕێ و کەسانی تێگەیشتووی پێ ناساندووم، لەهەمووی جوانتر ئەوەیە کە خۆت لەناو تۆڕێکی تێگەیشتوو لە ژیان دەبینییەوە.

*هیچ کات بیرت لەوەنەکردۆتەوە واز لەو یارییە بهێنی؟

-کاتێک لە ڤەنزوێلا بووم بەبارودۆخێکی زۆر دژواردا تێپەڕین، بۆ ماوەیەک لەو یارییە دوورکەوتمەوە، دواتر بەڕەو ئەرژەنتین کۆچمان کرد، دووبارە ئەو دەرفەتەم بۆ دروست بۆوە کە یاری بکەمەوە، دیارە شەترەنج ئەو وەرزشەیە کە لێی دوورکەوتییەوە ئەوا ئاستیشت لەگەڵی دادەبەزێت، ئەو ماوەیەش زۆر کاریگەری لەسەر ئاستی منداڵ دروست کرد، بەڵام سەرباری هەر بارودۆخێک بێتە پێش بڕیاری ئەوە نادەم لەشەترەنج دوور بکەومەوە، دووبارە دەست پێدەکەمەوە.

*چ پەیامێکت هەیە وەک شەترەنجزانێکی ئافرەت؟

-دەمەوێ بەهەموو ئەوانە بڵێم کە لەنێو دونیای فراوانی شەترەنجدان، شەترەنج یارییەکە زۆر گەورەترە لە بردنەوەو دۆڕاندن، چونکە ئەو بەردەوامە لە فێرکردن و ڕینیشاندانی دروست لە ژیانتدا، شەترەنج وا لە یاریزان دەکات هەمیشە چاوکراوەبێت، بەداخەوە بەهۆی ئەو پەتایەوە کە هەموو کایەکانی ژیان بچووک کرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوەستین و ئێستا لە ڕێگای تۆنلاینەوە پاڵەوانێتییەکان بەڕێوەدەچن و بەشداری دەکەین.

مۆدریچ: دەمەوێت لە ریال کۆتایی بە کاروانی وەرزشیم بهێنم

یاریزانی کرواتی لۆکا مۆدریچ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید ئاشکرای کرد، ئامانجی ئەوەیە لە یانەی شاهانە کۆتایی بە کاروانی وەرزشی خۆی بهێنێت، دووپاتیشی کردەوە، دەتوانێت بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە بە ئاستێکی بەرز یاری بکات. مۆدریچ لە میانی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرت وتی: من دڵنیام دەتوانم بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە بە ئاستێکی بەرز یاری بکەم. دەمەوێت لە ریال مەدرید کۆتایی بە کاروانی وەرزشیم بهێنم، بەڵام ئەوە لەسەر یانەکەش دەوەستێت. مۆدریچ لە بارەی هاوتیپی پێشووی، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ وتی: ئەو یەکێ لە باشترین یاریزانەکانە لە مێژوودا، بەردەوام چاوی لە بردنەوەیە، ئەو هانی ئێمەی دەدا و داوای لێدەکردین کاردانەوەمان هەبێت، دڵێکی گەورەی هەیە، بەردەوام ئامادەیە یارمەتی کەسانی دەوروبەری بدات. لەلایەکی دیکەوە، لۆکا مۆدریچ، ئامۆژگاری کیلیان مبابێ ئەستێرەی لاوی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی کرد و داوای لێکرد ریزەکانی ئەو یانەیە بەجێبهێڵێت. مۆدریچ کە یەکەمجارە بەئاشکرا قسە لەسەر داهاتووی مبابێ دەکات وتی: سەرچاوەکان بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە، ئەو ئامانجی یەکەمی ریال مەدریدە. هەروەها وتی: مبابێ هەموو شتێکی هەیە بۆ ئەوەی سااڵنی داهاتوو کۆنترۆڵی دیمەنی گشتیی تۆپی پێ لە جیهاندا بکات و ببێتە یاریزانی ژمارەیەک و باشترینی جیهان، بەڵام ئەگەر بیەوێت ئەو خەونەی بەدی بهێنێت، پێویستە پەرەی زیاتر بە تواناکانی خۆی بدات، ئەوەش تەنیا لەڕێگەی ئەوەوە دەبێت، کە بچێتە خولێکی بەهێز و یانەیەکی گەورەتر. لە بارەی ئەو یاریزانانەش کە بە دڵی مۆدریچن وتی: قینیسیۆس جۆنیۆر خاوەن توانایەکی زۆرە، هەروەها دی برۆین و ڕەحیم سترینگیشم بەدڵە.

ڕەمزی میرەکانی

دیارترینی بازاڕەکانی گواستنەوەی خولی ئینگلیزی



ڕۆژنامەی دێلی میلی بەریتانی بەتێروتەسەلی گرنگترین گرێبەستەکانی بازاری گواستنەویە خولی ئینگلیزی بەر لە دەستپێکردنی بڵاوکردۆتەوە، کە دیارترین ئەو گرێبەستانەش بریتین لە:

- کۆمانی ڕاهێنەر بەرشلۆنە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڤینالدۆم بباتە ریزەکانیەوە.

- یانەی مانچستەر سیتی ئامادەیە دەستەواژەیەک پێشکەش بکات لە پێناو کوالیبالی، بەڵام یانەی ناپۆلی ڕازی نییە دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت بە کەمتر لە 75 ملیۆن یورۆ.

- بەمزوانە ئەنجیلینۆی بەرامبەر بە 20 ملۆن یورۆ لە مان سیتییەوە دەچێتە یانەی لایپزیگ.

- یانەی لڤەرپوول لەپێناو دەسکەوتنی هەندێ پارە، بەنیازە دوو یاریزانی بفرۆشێت ئەوانیش هاری ویلسۆن و کاریۆس.

- یانەی زلڤهامپتۆن ڕایگەیاند کە لەگەڵ یانەی لیۆنی فەرەنسی گەیشتنە ڕێکەوتن سەبارەت بە چوونی فرانداڵ مارسال لە یانە فەرەنسییەکەوە بۆ یانە ئینگلیزییەکە.

ڕۆژنامەکانی سپڕیبا: زوڵمێکی گەورە لە دیۆکۆڤیچ کرا



بڕیاری دوورخستنەوەی نۆڤاک دیۆکۆڤیچ لە پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکا، کاتێک تۆپی لە ناوبژیوانی هێڵ دا، هەڵایەکی گەورەی نایەوە، بەتایبەتیش لەنێو میدیای سڕبیا، کە ئەم بڕیارەیان بە زوڵمێکی گەورە لەقەڵەم دا بەرامبەر ئەو تێنسزانە کە پاڵێوراوی سەرەکی بردنەوەی نساناوەکە بوو.

ڕۆژنامەی سپۆرتسکا زیورنال لە مانشێتی سەرەکی بەرگی یەکەمیدا بەگەورەیی نوسیبووی (فەزاحەت لە نیۆیۆرک)، ئەمەش وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بڕیاری دوورخستنەوەی دیۆکۆڤیچ لە پاڵەوانێتییەکە، ڕۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: بڕیارێکی زۆر لەجێی خۆی نەبوو، لەبەر ئەوەی زۆر ڕوونە کە دیۆکۆڤیچ بە ئەنقەست تۆپەکەی لە ناوبژیوان نەداوە، هەروەها تۆپەکەس هیندە بەهیز نەبووە ئازاری پێ گەیشتبێت، هیچ مەبەستێکی دوژمنکارانەی نەبووە، بۆیە زۆر زیدەڕۆیی لەو بڕیارە کراوە.



ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Wed.9 Sep. 2020 No.:(6002)

KHABAT Daily Newspaper *Kurdistan – Iraq*

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: **Ali Abdulla** Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین ـ بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە ـ میدیا سەنتەر

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616